# هۆكارەكانی دەستپێك و شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١

پ.ی.د. پشكۆ حەمەتاهیر عەبدلرەحمان
زانكۆی سلێمانی
كۆلێژی زانستی مرۆڤایەتیەكان
بەشی مێژوو

پێشەكی

دوادەیەی سەدەی بیستەم قۆناغێكی تایبەتمەند و جیاوازتر لە مێژوویی هاوچەرخی نەتەوەی كورددا دەركەوت، گۆڕانكارییە هەرێم وجیهانیەكانی كاردانەوەی ڕاستەوخۆییان بۆ سەر ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كوردستان هەبووە. ئەوەی سەبارەت بە باشووری كوردستانە لەو قۆناغەدا ڕاپەڕینێكی سەرتاسەری شارو شارۆچكە و شارەدێكانی گرتەوە، كە لەشارۆچكەی ڕانیەوە دەستی پێكرد و دوواتر زۆربەی ناوچەكانی باشووری كوردستان ئازاد كرا، تاكو لەرۆژی ١٩٩١/٣/٢١ دا شاری (كەركووك)یش بۆماوەی هەشت ڕۆژ ئازاد كرا، ئەگەر بە ووردی بڕوانینە سەروبەندی باشووری كوردستان بەگشتی و كەركووك بەتایبەتی، ئەوا دەستپێكی ڕاپەڕین و زوو كشانەوەی پێشمەرگە لە كەركووك پەیوەستە بە كۆمەڵێك هۆكاری (ناوخۆیی و دەرەكی) ، لێرەدا هەوڵ دەدرێت لە توێژینەوەیەكی زانستی دا بخرێتە بەردەست.

گرنگی و هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە : لێكۆڵینەوە لەبارەی( هۆكارەكانی دەستپێك و شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ ) ، وەك بابەتێكی مێژوویی دیاری كراو ، كە بەفاكتەرە دەرەكی و ناوخۆییەكانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی كەركووك دەست پێدەكات ودوای هەشت ڕۆژ شكست دێنێ و كۆتایی دێت ، گرنگ و پڕ بایەخە. چونكە لەگەڵ ئەوەی ڕاپەڕین كراو، زوو شكستی هێنا ، بەڵام ئەو هۆكاری دەستپێك و شكستەی ڕاپەڕینی كەركووك پەیوەندی هەیە بەدەیان فاكتەری مێژوویی دەرەكیی و ناوخۆیی كە دەكرێت زیاتر لەسەری بوەسترێت و لێكۆڵینەوەی زانستی لەسەرئەنجام بدرێت.

ئامانج و ڕێبازی توێژینەوەكە : ئامانج لە توێژینەوەی ( هۆكارەكانی دەستپێك و شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ )، لێكدانەوەیەكی بابەتیانەو ئەكادیمیانەیە بۆ هەموو ئەو فاكتەرانەی كە بوونەتە هۆی دەستپێك و شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ دا، لەسەر بنەمای مێژوویی و سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی سەربازیی بەپشت بەستن بەیاداشت و بەڵگەنامەكانی ئەو سەردەم، بۆ ئەوەی سەرەتاییەك بێت بۆ توێژینەوەیەكی فراونتر و هەمەلایەنەتر، كە بخرێتە بەردەست. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەكەش : لەو ڕوانگەیەوەی ، كە میتۆدی توێژینەوەی زانستی لە نزیكەوە بەیەكدا چوون و پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، مەرج نیە، توێژینەوەیەكی زانستی تەنیا بەیەك ڕێبازی دیاری كراو وەك ڕێبازێكی زانستی لە شیكاری بابەتێكدا بگیرێتە بەر ، بەڵكو زۆر جار ئەو ڕێبازانە بەپێی باروو دۆخ و ئاستەنگ و بابەتەكان لەپێناو تەواو كردنی لایەنە جیاوازەكانی توێژینەوەكەدا، ڕێبازەكان بەناو یەكدا دەچن و پێكەوە بەشێوەی جیا جیا بەكاردەهێنرێن. بەپشت بەستن بەم ڕاستیە زانستییە لەم توێژینەوە دا پەنا براوەتە بەر بەكارهێنانی چەندین میتۆدی جیاواز بۆ گەیشتن بەئامانج و شیكاری بابەتەكان ، بۆیە لەگەڵ میتۆدی زانستی مێژوویی ، زۆرجار میتۆدی زانستی سیاسی و جوگرافی و ئابووریش بەكارهاتووە.

گرفت و سەرچاوەی توێژینەوە كە: توێژینەوەیەك دەربارەی ( هۆكارەكانی دەستپێك و شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ )، وەك بابەتێكی مێژوویی هاوچەرخ بێگومان گرفتی سەرچاوەو نەنووسینی یاداشت و وەڵام نەدانەوەی گەواهیدەرانی هاتۆتە ڕێ ، بەڵام پاش هەوڵدانێكی زۆر توانراوە بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ ببین و بەپشت بەستن بە دەیان سەرچاوەی جیا جیای وەك (ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسییان(تەرحیل تەعریب تەبعیس)، غەفور مەخموری: بەعەرەبكردنی كوردستان – بەعەرەبكردنی مەترسیەكانی، بەرەنگاربوونەوەی) و (هۆشمەندی عەلی:ڕاپەرینی هەولێر ) و (ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد: ئەنفال گەرمیان) و (سەركەوت: دور اڑاعە صوت شعب كردستان فی الانتفاچە) و (خلیل اسماعیل محمد: مؤشرات سیاسە التعریب والتهجیر فی اقلیم كوردستان العراق) و (شاكر ومحویان وحسریتان وأولغاجیغالینا: الحركە الكردیە فی عصر الحدیپ)،.ئەم توێژینەوە یە كە لەپێشەكیەك و دوو تەوەر و ئەنجامێك پێك دێت ، بەوم جۆرە دارێژراوە :

تەوەرەی یەكەم : هۆكارەكانی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ .

تەوەرەی دووەم : هۆكارەكانی شكستی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ .

تەوەرەی یەكەم : هۆكارەكانی ڕاپەڕینی كەركووك لە ساڵی ١٩٩١ :

ڕاپەڕینی باشووری كوردستان بەگشتی و شاری كەركووك بەتایبەتی، بەرهەمی كۆمەڵێك هۆكاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زەمینەیان بۆ سازكرد، كەلەئەنجامی چەندین ڕووداو كە ڕوویاندا لەبەرژەوەندی كوردشكایەوە، لێرەدا هەوڵدەدرێت باسی گرنگترین ئەو فاكتەرانە بخرێتە ڕوو، بەم جۆرەی خوارەوە دابەشكراوە:

یەكەم / هۆكارە دەرەكیەكان

دووەم/ هۆكارە ناوخۆییەكان

(أ) فاكتەرەدەرەكیەكان:-

هۆكارە دەرەكیەكان خالێكی سەرەكی بوون لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ز دا لە گرنگترین ئەو فاكتەرانەش ئەمانەن:

١-داگیركردنی كوێت لەلایەن عێراقەوە :

بیرۆكەی داگیركردن و گەڕانەوەی كوێت بۆ سەر عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١، كاتێك كوێت لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەرچوو ، عێراق ڕاستەوخۆ مافی داواكردنی كوێتی دابەخۆی بە بەڵگەی ئەوەی كە كوێت بەشێك بووە لە ویلایەتی عوسمانی واتە( بەشێك بووە لە عێراق ). (عەبدولكریم قاسم) بانگەشەی ئەوەی كرد كە كوێت بەشێكی دانەبڕاوە لە عێراق وهەڕەشەی ڕزگاركردنی كوێتی بەزمانی جەنگ دەكرد ، بۆیە لەوكاتەدا سوپای سعودیە و بەریتانیا چوونە كوێت بۆ پاراستنی، دوای ئەوە جامیعەی عەرەبی مەسەلەی بەرگریكردنی كوێتی گرتەخۆ بە پێچەوانەی دژایەتی و هەڕەشەی عێراق ، كوێت **بووە ئەندامی جامیعەی عەرەبی و لە ١٩٧٢/١٠/٤ دا دان بە سەربەخۆیی كوێت دا نرا. لەساڵی ١٩٧٣ دا ناكۆكی تر كەوتە نێوان ( عێراق – كوێت)** ، ئەم هۆكارانە بوونە هۆكاری مێژوویی بۆ داگیركردنی كوێت لەلایەن عێراقەوە [1]. ئەم ناكۆكییانە بەردەوام تا ساڵی ١٩٩٠ لەسەر دەرهێنانی نەوت زیاتر گەشەی كرد.

صەدام حوسین لە ووتـاری ١٩٩٠/٧/١٦ دا بـە بۆنـەی کودەتاکـەی(١٧ی تـەمموزی سـاڵی ١٩٨٦) دا باسـی زیادبوونی دەرهێنانی نەوتی کرد، هەروەها ئاماژەی بە هۆیەکانی کەمبوونەوەی نرخی نەوتی کرد وئۆباڵەکەی خسـتە سەر شانی دوودەوڵەت بێ ئەوەی ناویان بهێنێت وهەڕەشەی لێ کردن ئەگەر واز لەو سیاسـەتە نـەهێنن عێراقییـەکان بە توندی سزایان دەدەن، هەروەك قسەکانی پێشوو، ووتی:( ماقلنا الا فعلنا) واتە( ئـەوەی ووتومانـە کردوومانـە)[٢]. لەلایـەکی تـرەوە (گـارق عزیـز) جـێگیری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری هەنـدەرانی ئـەو سـەردەمەی عێـراق لـە ڕۆژی (١٩٩٠/٧/١٩) بەڕاشکاوی ناوی( کوێت و میر نشینەکانی کەنداوی) هێنا، بەدیاری کردنی کوێت، ووتـی کوێیتیـەکان سنوورییان بەزاندووە، چاڵە نەوتەکانی (رومێلە) و دەوروبەریان بەناهەق داگیر کردووە[٣].

هاوکات لەگەڵ جموجۆڵی دبلۆماسی عەرەبی بـۆ کۆتـایی هێنـان بـەو کێشـەیە چـەند هـەولێك درا لەوانە(حوسـنی موبارەك)، سەردانی بەغدادی کردو چـووە کوێـت و سـعودیە و بۆچارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە، بـەڵام ئـەم کێشـەیە چارەسەرنەکرا[٤]،جگەلەوەش هەوڵەکانی عێراق بۆ ئاشتی لەو کاتی کوێتی داگیرنەکرد بوو ئەوەبوو(عیزەت الـدووری) و(سعدون حمادی) وەزیری ڕێگاو بانی عێراق چوونە تـاران ، بـۆ چـاککردنی پەیوەندییـەکانی نێـوان عێـراق و ئێـران لە(١٩٩٠/١/٩) دا (گارق عزیز)ی وەزیری عێراق (جێمس بیکر)ی وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا لـە سویسـرا کۆبوونـەوە لەسەر کێشەی کەنداو[٥]، سەر ڕای ئەمانەش سوپای عێراق لە حاڵەتی ئامادەباشیدابوون تا لە ٢/ئاب/١٩٩١ دا کوێتی داگیر کرد[٦].

ئەم کارەی عێراق هەڵوێستی ووڵاتانی جیهان بەرامبـەری گـۆڕی، بۆنموونـە هەڵوێسـتی وڵاتـانی عێـراق و کوێـت، زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتی عەرەبی دژی ئەم کارەی ڕژێمی عێراق هەڵوەستەیان وەرگرت و هەفتەیـەکی پێنەچـوو سەرانی عەرەبی لە قاهیرە بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا عێراق خۆشی بەشداری تێدا کـرد بـە توونـدی داگیرکردنـی کوێـت لەلایەن عێراقەوە مەحکوم کرا ، کۆنگرەکە خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی بەغـداد بـوو لـە کوێـت، ئـەو دەوڵەتانـەی بەرووکەسیش وایان نیشاندا کە گوایە لەگەڵ عێراقدان ، ئـەوانیش ئامۆژگـاری صـدامیان کـرد لـە کوێـت بکشـێتەوە ، صدام دەستی بە مـانۆری سـەربازی کـرد و بـەیانێکی دەرکـرد تیایـدا مەسـەلەی کـوێتی بەمەسـەلەی فەلەسـتینەوە بەستەوەو وای لە خەڵکی گەیاند تا ئیسرائیل نەکشێتەوە ئەو لە کوێت ناکشێتەوە. ئەم مانۆرەش لەبەر بۆ ڕاکێشـانی سەرنجی فەلەستینەکان بوو بۆ پشتگیری کردنی ئەم کارەی ، هەروەها صـدام دروشـمی عـەرەبی لـەو شـەڕەدا لاداو دروشمی ئیسلامی هەڵکرد ناوی لەخۆی نا( عبدالله المؤمن) بەمەبەستی ڕاکێشـانی سـۆزی موسـڵمانانی جیهـان بـەلای خۆیدا، بەڵام بەنەکشانەوەی پشتگیری عەرەبی لەدەست دا[٧]. لەلایەکی ترەوە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقـەوە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوای خستە مەترسیەوە لە دوولایەنەوە:

یەکەم / دروستبوونی شەڕو ئاژاوە لەو ناوچە ستراتیژیەکان ، ئەگەر خۆیـان دروسـتی نەکـەن ئـەوا لەبەرژەوەنـدی هیچ وڵاتێکـی ڕۆژئاواییـەك نیـە، چـونکە ئـەو ووڵاتانـە بـەهۆی کۆمپانیـا مۆنۆپۆلەکانیانـەوە پەیوەندییـەکی ئـابووری پتەوییان لەگەڵ عێراق وڵاتانی کەنداو هەبوو، بەمەش بەرژەوەندی ئابووری ئەوانیش دەخاتە مەترسیەوە .

دووەم / هاتنەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بەبەرگێکی دیکەوە، کۆتایی هێنا بە نفوزی هـەموو لایـەك لەناوچـەکەدا، چونکە توانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی و فرۆشتنی نەوتی ناوچەکە و قۆرخ بکات تەنها بۆ مۆنۆپۆلەکانی خۆیان، بۆیە دەبینین لەدوای ئەم کارە هەموو ووڵاتانی ڕۆژئاوا سیاسـەتێکی دژ بـە ڕژێمـی عێـراق گرتەبـەر بەتایبـەتی دوای ئەوەی کە داوایان لێکرد کە بگەڕێتەوە ونەگەڕایەوە[٨].

ئەنجوومەنی ئاسایش چەند ڕۆژێك پاش داگیركردنی كوێت كەوتە خۆی بۆ چارەسەركردنی ئەم گرێ كوێرەیە ، ئەوە بوو چەند بڕیارێكی یەك لەدوای یەكی دەركرد ، هەر لە گەمارۆدانی ئابووری تا بەكارهێنانی هێز بۆ دەركردنی عێراق لە كوێت، دواجار لە(١٥/١٢/١٩٩٠)دا دوا مۆڵەتی درا بە عێراق كە تاكو (١٥/١/١٩٩١) لە كوەیت بكشێتەوە[٩].

لەو دەمەدا( خافێر پێرێز دكویلار)یش زۆر هەوڵی دا بۆ چاككردنەوەی بارودۆخەكەو ڕازیكردنی عێراق بۆ كشانەوەی لە كوەیت، هەموو ئەمانە هیچ ئەنجامێكی نەبوو[١٠]، بۆیە لە ڕێكەوتی(١٦/١/١٩٩١) دا كاتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و مەجلیسی ئەمن بوو بە چۆڵكردنی كوێت لەلایەن عێراقەوە، لەوكاتەدا دەبوو كاتژمێر (٨)ی شەو عێراق لە كوەیت دەربچێت، ئەمەش ڕووداوێكی ترسناك بوو بۆ ناوچەكە و جیهان و عێراق و كوردستان كە شەڕێكی وێرانكارانە هەڕەشەیان لێدەكات، واپێدەچێ ئەم شەڕە تەنیا(كوردو كوەیتیەكان)لایان خۆش بوو بێ، چونكە ئەم دوولایەنە هیچیان نەما بوو، ئەوە بوو كاتژمێر (٨)ی شەو هیچ ڕووی نەدا ، بەڵام شەوی(١٦–١٧/١/١٩٩١) لەكاتژمێر(٢.٣٠ خولەكی شەو) ئەمریكا و هاوپەیمانان بەهێزی هەوایی (ئاسمان)ی لە عێراقیان دا[١١].

بەو شێوەیە شەڕ بەردەوام بو تاكو كاتژمێر یەكی ڕۆژی ٢٦/٢/١٩٩١ ، عێراق بە هێز لە كوێت دەركرا و هێزەكەی عێراق لە كویت ئەوەی گیرا گیرا و ئەوەیشی دەرباز بوو بەرەو عێراق بەڕێكەوتن و هەڵاتن، بەم شێوەیە ئەمریكاو هاوپەیمانەكان دەستیان بەسەر كویت دا گرتەوەو پاشماوەی عێراقیان لە كوەیت وەدەرنا. لەم جەنگەدا هێزێكی زۆری عێراق بەدیل گیرا كە نزیكەی (٢٠)هەزار سەرباز دەبوو، بەشێكی زۆریشی لێ كوژرا و هەندێك لەسەربازەكان هەڵاتن لەمەیدانی شەڕ، كە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بەفیرار ناودەبران [١٢]. بەشێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن، لەو شەڕە(١٠٠) كاتژمێردا نزیكەی(٨٠) هەزار سەرباز بەدیل گیراو كوژراویش (٥٠٠) هەزار• سەرباز دەبوو، شكاندنی(٣٥٠٠) دەبابە و (دوو هەزار) تۆپی گەورە، واتا سوپای عێراق نزیكەی(٢٥٠هەزار) سەرباز و (١٠٠٠) دەبابە مایەوە، بۆیە داگیركردنی كوەیت لەلایەن عێراقەوە فاكتەرێكی سەرەكی بوو بۆهاندانی كوردی عێراق كە ڕاپەڕین بكەن لە ساڵی ١٩٩١[١٣] دا.چونكە شەڕی كوێت دەرفەتی لەبەردەم هێزی پێشمەرگەدا كردەوە كە تەنانەت لە هەندێ ناوچەی باشووری كوردستان دا ڕێكخستن بەئاشكرا كاری خۆیان دەكرد.[١٤]

٢–كۆتایی هاتنی جەنگی ساردی نێوان ( یەكێتی سوڤیەت و ئەمریكا):

وەڵاتانی جیهان بەرلە داگیركردنی كوەیت،بایەخێكی زۆریان بە عێراق دەدا، دیارە ئەم گرنگی پێدانەش هەرلەئەنجامی جەنگی ساردەوە بوو، كە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا(یەكێتی سۆڤیەت و ئەمریكا)دا هەبوو، بەڵام لەبەر سەركەوتنی بەرەی ڕۆژئاوا(ئەمریكا) لەجەنگی ساردا ئەوا ئەو بارودۆخەش كە عێراق هەیبوو گۆڕانی بەسەردا هات ئەو گرنگییەی سەردەمی جەنگی ساردی لەدەستدا،[١٥]،چونكە پاش نەمانی جەنگی ساردوو ڕووخانی بلۆكی سۆسیالیستی سۆڤێتی، كە عێراق لەسەرسەنگەری سۆڤیت خۆی گرتبوو لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتگیری لێ دەكرا، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی سۆڤیەت، عێراق تووشی ئەركێكی قورس بوو و فشارێكی گەورە ڕووبەڕووی بۆیەوە لەلایەن وڵاتانی تاك جەمسەرەوە كە ئەمریكا بوو[١٦]. هەرلەدوای ئەوە باروۆدخێكی لەبار هاتە ئاراوە ڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێری كورد و گەلی عێراق وناوچەكە دا بووە، چونكە قەڵای سەربازی وبنكە ئابووریەكان و كەرەسەجەنگییەكانی چوارەم سوپای جیهان و كۆنە پەرسترین ڕژێمی دنیا ڕووخا و تێكشكا.

بارودۆخێكی بابەتی گونجاو و لەبار، لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و عەرەبی و دەوڵەتان، بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی عەرەبی عێراق و گەلی كوردستان هاتە كایەوە كەلەوەو پێش بارودۆخی نێودەوڵەتی و پەیوەندی

ناوچەییەكان دژ بە خواستەكانی گەل وبزوتنەوەی شۆڕشگێری بوو تەنیا ئەم جارە نەبێت[١٧]،كە دەرفەتی ڕەخساند بۆ هاتنە كایەیی ڕاپەرینێكی سەرتاسەری لە كوردستاندا.

٣-شەڕی عێراق -ئێران :

عێراق لەبەرەبەیانی رۆژی ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ جەنگی ڕاگەیاند و فرۆكە جەنگیە عێراقیەكان بۆردوومانی فرۆكە سەربازییەكانی ئێرانیان كرد[١٨]. هاوكات هێزە عێراقییەكان چوونە ناوچەند پێگەیەكی خاكی ئێران، هەندێك لە عێراقییەكان ئامانجی دیاریكراوییان هەبوو، وەك شارەكانی(عەبادان، خورەمشەهر) لەسەر(شگ العرب)،بەشێك لەیەكە سەربازییەكانی دیكە فەرمانیان پێدا بوو گەورەترین رووبەروو لەناوخاكی ئێران داگیربكەن[١٩]. دوای داگیركردنی شاری خورەمشەهر و ئابلۆقەدانی عەبادان دووەم گەورەشاری ئێران[٢٠] . لە بەرامبەردا ئێران زنجیرە هێرشێكی بەرپەرچداوەو سەركەوتووی ئەنجامداو هێزەكانی عێراقیان كردەوە دەرەوەی خاكی ئێران، بەم جۆرە شەڕی (عێراق- ئێران)، بۆماوەی هەشت ساڵ درێژەی كێشا.

لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ودرێژەی كێشانی تا ساڵی ١٩٨٨، هەلی گەشاندنەوەی بۆ بزووتنەوی چەكدارانەی گەلی كورد ڕەخساند، چونكە ئەو شەڕە بەغدای ناچاركرد كە بەشێكی زۆر لە هێزەكانی خۆی بكشێنێتەوە بۆ بەرەكانی شەرلەناوەند و باشووری عێراقدا[٢١]،لەلایەكی تریشەوە حكومەتی ئێران یارمەتی باشی بزووتنەوەی چەكداری كوردیان دەدا لەسەروبەندی جەنگدا[٢٢].(سامقتیل كۆجۆی)لەبارەی هاوكاری ئێران بۆ كوردی باشوور لە سالآنی جەنگی عێراق -ئێراندا، دەڵێت:" ئێران بەمەبەستی لاوازكردنی دوژمنەكەی عێراق سالآنێكی دووردرێژ هاوكاری كوردو عێراقییەكانی دەكرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەغداد"[٢٣].

دەوڵەتی عێراق پاش دەرچوونی لە شەڕێكی سەختی هەشت ساڵەی دژوار لەگەڵ دەوڵەتێكی دراوسێدا، بووە هۆی تیاچوونی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران و عێراق و پژانی مێشكی هەزاران لاوی خوێن گەرم، كەخۆی لەم شەڕەدا بەسەركەوتوو دەزانی، هێزێكی زۆر گەورەی سەربازی بە تەكتیكی نوێ و هەمە چەشنە و تاقیكراوە لە كۆمەڵەی ستەم دیدەی خەڵكی زۆرلێكراوی گەلی كوردستانی لەبەردەستدایە، لەلایەكی ترەوە بودجەی بەتاڵ و فەرداری زۆر چاوچنۆكی رژێمی بەغدا، بۆ پەلهاویشتن و داگیركردن و سنور بەزاندن و هەڕەشەكردن بوو لەبەرژەوەندی وولآتانی جیهان بەگشتی و ناوچەكە بەتایبەتی [٢٤].لێرەدا ئەوە دەردەكەوێت وەستاندنی شەڕی( عێراق - ئێران) هۆكارێك بوو بۆ داگیركردنی كوەیت، داگیركردنی كوەیت هۆكارێكی راستەوخۆ بوو بۆ ڕاپەرین، بۆیە دەتوانرێ بگوترێت شەڕی( عێراق - ئێران) بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ هۆكارێك بوو بۆ ڕاپەرینی كەركوك ساڵی ١٩٩١.

٤-هاندان و پشتگیری وولآتانی دونیا بۆ هەلآیسانی ڕاپەرین :

لەراستیدا هۆكاری سەرەكی كە سەركردایەتی كوردی خستە جوڵەو خەڵكی هاندا بۆ ڕاپەرین لەباشووری كوردستان بە گشتی و شاری كەركوك بەتایبەتی، ئەو بانگەوازەی سەرۆكی ئەمریكا (بووش) بوو لە(١٩٩١/٢/١٥)دا ، تێیدا داوای لە خەڵكی عێراق كرد ڕاپەرین دژی صدام ئەنجام بدەن و بیرووخێنن، دیارە ئەوە بۆ خۆی پشیتوانیەكی مەعنەوی زۆر گەورەبوو، چونكە خەڵك وای دەزانی ئەمریكا پشتیوانی لە ڕاپەریندا دەكات و دەیپارێزێ لە هێرش و پەلاماری عێراق[٢٥]. هەرلەو كاتەشدا ئاژانسەكانی دەنگ و باسی جیهانی هەڕەشەكانی سەرۆكی ئەمریكایان بلآوكردەوە ئەگەر بێت وملی بكەن بەپەتا نابێت هیچ قسەبكات[٢٦]، لەلایەكی دیكەشەوە ئاژانسەكانی هەواڵی جیهانی وەهایان

بڵاوکردەوە کە سوپای عێراق تووشی شکستێکی زۆر گەورە بووە و بەوەی کە(٥٤) فرقەی سەربازی عێراقیان تێشکاندووە، ئەمەش مانای وایە بەشێکی زۆر سوپای عێراق بووە [٢٧].

دەوڵەتی ئیسلامی ئێران هاندەرێکی سەرەکی دیکە بوو بۆ ئەوەی ڕاپەرین لەدژی حکومەتی عێراقی بکرێت، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بۆ مەبەستی ڕاپەرین لە خاکی ئەودا کراوە•.

لە کۆتایی مانگی یەکی ١٩٩١ دا بەرەی کوردستانی کەناڵی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ تورکیا کردەوە، ئەمە بۆ یەکەمجاربوو لە مێژووی بزووتنەوەی کوردا کە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا سازبکەن، لە گفتوگۆکەدا لایەنی تورکیا لە ژێر چاودێری سەرۆك کۆمار( تۆرگۆت ئۆزال) دا بوو، نوێنەرایەتی کوردیش( بارزانی و تاڵەبانی)بوون. لەدوای ئەوەی تاڵەبانی سەردانێکی کرد بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ مەبەستی زیاتر پشتگیری کردن لەمەسەلەی کورد ، لەهاتنەوەیدا لە (١٩٩١/٣/٩) دیسانەوە لەئەنقەرە چاوی بەلێپرسراوانی تورکیا کەوت[٢٨].

لە هەفتەکانی بەرلەبەرپابوونی جەنگ پەیوەندی نێوان کەسایەتییە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رووی لە چڕی کرد، کۆمیتەیەکی ڕێکخستن بەپشتگیری وڵاتانی(سعودیەو ئێران و سوریا) پێکهێنرا، کە لەشەش ئەندام پێکهاتبوو، دوو نوێنەری کورد و دوو ئیسلامی یان عەرەبی، دیموکراتیەکانیش یەکی یەکێك، لەهەمان ماوەدا چەندین سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن سەردانی (ریاچ)ی پایتەختی سعودییان کرد، لەوانیش( جەلال تاڵەبانی و سامی عبدولرەحمان)، وەك نوێنەری کورد. ئەنجامی ئەم پەیوەندییانە کۆبوونەوەیەك کرا لە دیمەشق، دواتر بەیانێك لە(١٩٩٠/١/٢٧) دا لەبەیروتی پایتەختی لوبنان راگەیاندرا ، پتر لە (٢٠) پارت و بزووتنەوە واژۆیان کردبوو، ئۆپۆزسیۆن لە بەیانەکەدا دژی داگیرکردنی کوەیت وەستا و پەیمانی خەباتیدا بۆ رووخانی رژێمی بەغداو دابینکردنی مافی کورد[٢٩].

هاوپەیمانەکان زەمینەیەکی لەبارییان رەخساند بۆ دەست پێکردنی ڕاپەرین[٣٠] ، ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستی کرد بە وورووژاندن و هاندانی گەلانی ژێر دەستی ڕژێمی بەعس، بەمەبەستی تەنگەتاوکردنی لە هەموو لایەکەوە هاوڵاتیانی عێراق هاندران بۆ راپەڕین لەدژی بەعس، بۆ ئەم مەبەستەش ئیستگەیەکی ڕادیۆی لە سعودیە کردەوەو، بەئاشکرا بانگەشەی بۆ راپەرین دەکرد تا لەو ڕێگەیەوە خۆیان رزگار بکەن[٣١]. دیارە هەموو ئەمانەی سەرەوە هاندانی دەرەکی و پشتگیری دەوڵەتان بوو بۆ ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١[٣٢]، لە باشووری کوردستان و کەرکووکیش.

٥- هەڵایسانی ڕاپەرینی (شەعبان) لە خواروو ناوەڕاستی عێراق :

لە ١ ئابی ١٩٩٠ عێراق بەسەرۆکایەتی سەددام حوسێن کوەیتی داگیرکرد و بەناوی پارێزگای نۆزدەهەمی عێراقەوە ناوی(کازمە)ی بەسەردا سەپاند، لەگەڵ بەزین و پاشەکشەپێکردنی سوپای عێراق ، ڕاپەڕینی خەڵکی شاری بەسرە، ڕوویدا، ئەفسەرێکی پلەنزمی ورە رووخاوی سوپای عێراق ، کاتی گەڕانەوە و تێپەڕبوونی بەدەوروبەری شاری بەسرەدا، رووبەرووی پەیکەرێکی سەددام حوسێن دەبێتەوە و بەهەڵگرتنی هەموو رق و خەم و شێوازی باری دەروونی خۆیەوە بەدەمانچەکەی دەستی چەند گوللەیەك ئاراستەی پەیکەرەکە دەکات، ئەم کردەوەیە دەبێتە سەرەتای دەستپێکی ڕاپەرینی جەماوەری لە مانگی شەعباندا، کە بەڕاپەڕینی شەعبانی ناوی دەرکرد[٣٣]. ئەمە لەکاتێکدا ڕاپەرینی گەلی عەرەبی باشووری عێراق و بزووتنەوەی ئیسلامی شۆڕگێرانە، بەهۆی ئەم جەنگە کاولکارییەی کە ڕژێمی عەرەب پەرستی بەغدا سەپانی بەسەر گەلانی ئێرانداو بەهۆی جەنگی کەنداوەوە ، بەتایبەتی تێکشاندنی لەو دوو جەنگەدا وماڵوێرانی و داروخانی گەورەی ئابووری دروست کرد. ئەو جەنگ وشکستانە بووە هۆی لەناوچوون و بریندار بوونی سەدان هەزار سەربازو....زوڵم و زۆری دەستەی حاکم لە کۆمەڵانی عەرەب و هێزە

ئۆپۆزسیۆنەكان و كیمیا باران كردنی هۆر و زەلكاوەكان و كوشتن و گرتن و ڕاونانی زانایان و پێشەوایانی بزوتنـەوەی ئیسلامی ، ئەوانە پێكەوە بوونە ژێلەمۆی ئەو تەقینەوە گەورەیـەی كـە زۆر لەشـارو لادێكـانی خـواروو و ناوەڕاسـتی عێراقی گرتەوە[٣٤].

ڕاپەرین لەخوارووی عێراق بەگەرمی و بەتوندی كاردانەوەی عێراقەلە دڵی خەڵمی ناڕازی و ئۆپۆزسیوندا زۆربەتونـدی بەرەو پێشەوە دەرۆیشت ناوچیەكی زۆر ئاوزاد كرا، ناوچەكانی پاكدەكرانەوە وبە ناوی ئیسلام و شیعەوە و تێكـەڵ بوونی پاسداران و دروشمی ئێران و وێنەی ئیمـام خومـەینی، وەكـو ئـەوەی ئێـران بـە تـەنیا لـە ڕاپەرینەكـە دا بێـت تۆڵەكردنەوەو سەربڕین و كوشتن و تاوانەكانی پێشووی رژێم بكات، ئاشكرایە كە دانیشتوانی عێـراق (٦٠٪) شـیعەیەو لەسەرو سعودیەش هەر شیعەیە ئەوە وای كرد بـوو سـعودیە و وولاّتـانی كەنـداو بترسـن، بەتایبـەتی سـعودیەو ئێـران لەوكاتەدا دژ بەیەك بوون، لەلایەكی ترەوە دەركەوتنی ئێران لە ڕاپەرینەكەدا كە پاسـداران خۆیـان دەیـان ووت تـاكو عمارە و زۆر جێگەی كەش ڕۆیشتوون و زۆر شاری عێراق گەڕاوون ، ئەویش وای كرد كە سعودیە و عێراقی ئەوكاتەی پێكبێن لەوەی شیعە لە عێراقدا بێتە سەرحوكم و گەورترین كێشەیان بۆ دروست دەكات و كوردیش دەكەوێتە جووڵە. لەو سەردەمەدا سعودیە داوای لە ئەمریكا كرد بۆ ڕاگرتنی شەڕەكە، دوای لێكۆڵینەوە لەشەڕەكە ئـەمریكا شـەڕەكەی ڕاگرت، بەمەش هێزی عێراق دوو فەیلەقی لە مدەڕەعـەو دەبابـە گەڕانـدەوە بـۆ سـەركووتكردنی ئـەو ڕاپەرینـەی لـە خوارووی عێراق دا دەستی پێكردبوو، لـە ڕۆژانـی(١٩٩١/٣/١/٢) دەسـتیان كـرد بەسـەركووتكردنی بەسـەركردایەتی( عەلی حەسەن مەجید)، بۆیە هەر زۆری نەبرد ڕاپەرینەكە سەركوتكرا[٣٥]،بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕاپەرینە عەرەبیەی باشووری عێراق بەیەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی ڕاپەرینەكەی باشووری كوردستان و كەركووك دادەنرێت.

فاكتەرە ناوەكیەكان (ناوخۆییەكان):

هۆكارەناوەكییەكان خالێكی سەرەكی بووە لە ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا، لەگرنگترین ئەو فاكتەرانەش ئەمانە:

(١) بەعەرەبكردنی كەركووك:-

بەعەرەبكردنی كەركووك یەكێكە لەو سیاسەتانەی كە حكومەتی نێوەندی عێـراق، لەسـەردەمە جیاجیاكانـدا پیـادەیكردووە بەمەبەسـتی سـڕینەوەی مـۆركی نەتـەوەیی كـوردی كـەركووك و جوگرافیاكـەی، بۆیـە بەعـەرەبكردن دیارترین سیاسەتی ڕاگەیاندراوی حكومـەتی عێـراق بـووە بـۆ لـە نێـوبردنی كـورد لـە كـەركووك و سـڕینەوەی هـەموو شـــوێنەواری ومـــۆركێكی نیشـــتیمانی و كلتـــوری نەتـــەوەیی كـــوردی ئـــەو شـــارە. ســـەبارەت بـــە ناســـاندنی ووشەی(بەعەرەبكردن) یش پێناسەی جیاجیای بۆكراوە... بەعەرەبكردن لە ڕووی مانای زامانەوانیەكەی بـەم جـۆرە ناسـێندراوە:" بریتـی یـە لـە بەعـەرەبكردنی شـتێكی ناعـەرەبی، وەك بەعـەرەبكردنی ئیـدارە یـان خوێنـدن یـان دامودەزگاكان ... تاد"[٣٦]. بەواتای بەزۆر بەعەرەبكردنی شتێكی ناعەرەبییە، ووشەیە كە لەنێو فەرهەنگی سیاسـی كورددا بۆتە زاراوەیەكی باو، پرۆسەیەكی ئاڵۆز و ئەزمونێكی تـاڵ و حاڵـەتێكی ناسروشتیانەیە،كەبەسـەر شـارو گونـد ونێوچەكانی كوردستاندا هاتووە[٣٧]. هەروەها بنچینەی ووشەكەش دەچێتەوە سەر ووشەی( تەعریب)كە هەم عەرەب خۆیان ووشـەكەیان داتاشـیووە هـەم خۆشـیان سـوودیان لێوەگرتـووە[٣٨]. بەشـێوەیەكی گشـتی دەكرێـت بوترێـت ( بەعەرەبكردنی كەركووك): بریتی یە لەو پرۆسەیەی كە هەوڵی تواندنـەوەی نەتـەوەی كـوردی كـەركووك دەدات لـەنێو بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا، ئەمەش لـە ڕێگـەی بـەكارهێنانی هێـز و زەبـر و زەنگـەوە دەبێـت بـۆ سـڕینەوەی ڕاسـتیە

مێژوویی یەکان و کلتورو شێوازی پەروەردە و گۆڕینی نێوی شارەکەو شوێنی کەس، هەموو ئەو سیما و بەهاوچەمکە کوردیانەی کە کوردێتی کەرکووك دەسەلمێنن.

بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ( باشووری کوردستان) بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی بەعێراقەوە،بەرپرسێکی سەربازی عێراق کە فەرماندەی هێزەکانی عێراقی کردووە لە کەرکووك ،نامەیەکی ئاراستەی مەرکەز(نێوەند) کردووە و تیایدا نووسراوە: ژمارەی ئەو عەرەبانەی لەنێوچەی کەرکووك دان، بایی ئەوەنی یە پشتی پێببەسترێت بۆ بەعەرەبکردن.[٣٩] ئەم بەکارهێنانە دوای چوار ساڵ یەکەم بەلگەی نووسراوەکە دان بە پرۆسەی بەعەرەبکردندا دەنێ کە لەدروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە نەخشەی بۆکێشراوە... پاش ئەو نووسراوە دەوڵەتی عێراقی کەوتە هاندانی خێڵە عەربەکان کە کۆچ بکەن بۆنێوەچەکانی سنووری لیوای کەرکووك ، ساڵی ١٩٢٩( کەنعان صدید) بە پشتیوانی حکومەتی عێراق رووی کردە گوندی( شەعەل و گورگە) وتێدا نیتشەجێبوو،لەلایەکی تریشەوە حکومەت لەنێوان ساڵانی (١٩٣٠– ١٩٣٥) بەردەوام یارمەتی خێلە کۆچەرییە عەرەبیەکانی دەداو هانی دەدان ڕوو لە کەرکووك و دەوروبەری بکەن و تێدانیشتەجێبن، دواتریش حکومەت بەفەرمی دەستی بەدروستکردنی پرۆژەی ئاودێری کرد، بەمەبەستی نیشتەجێکردنی عەرەبە کۆچەرییەکان وەك پرۆژەکانی( الحویجە، اللگیفە،الدجیلە، مشروع الجزئیە، المسیب)[٤٠]. بەم جۆرە سیاسەتی بەعەرەبکردن لەسەردەی دەسەلاتی پاشایەتی بەردەوام بوو .

سیاسەتی بەعەرەبکردن لەسەرەتاکانی کۆماری ولەسەردەمی دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) دا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ونهێنی ئەنجام درا،هەرلەسەرەتاوە لەنێو کەرکووکدا هەستی پێکرا لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە، (دکتۆر نوری تاڵەبانی) وەك گەواهیدەرێکی ئەوکاتی کەرکووك دەربارەی بەعەرەبکردنی کەرکووك لەساڵانی دوای شۆرشی ١٤ی تەمموز دەلێت:" پێش شۆرشی ١٩٥٨ لە کەرکووك ئەگەر عەگال بەسەرێکمان بدیبایە سەیر بوو لامان و زۆر سەیرمان دەکرد،بەلام لەدوای بارودۆخی شارەکە وردە وردە گۆڕا و ئیدی عەرەبەکانی حەویجە بەرەو کەرکووك هاتن تێدا نیشتەجێبوون"[٤١]. کەواتە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووك لەم قۆناغەشدا هەبووەو زۆر بەنهێنی و توندی دەسەلاتدارنی عێراق هەولی سڕینەوەی کوردێتی ئەوشارەیان دەدا و هەستان بەدروستکردنی ناکۆکی لەنێوان کوردو کەمەنەتەوەکانی تری شارەکە بەگشتی و کوردو تورکمان بەتایبەتی ..شێوازێکی تری بەعەرەبکردنی ئەوکاتی کەرکووك ، بریتی بوو لە وەرنەگرتنی خوێندکاری کوردی کەرکووك دەرچووی ئامادەیی لەکۆلێژی ( ئەفسەری وپۆلیس) بەهۆکاری جۆراوجۆر ئەگەر هەموو مەرجەکانیشی تێدا بوایە. بۆنموونە: لەکۆتایی ساڵی خوێندنی (١٩٥٨–١٩٥٩) ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی دەرچووی هەردوو ئامادەیی (موسەلاوکەرکووك )لەرەگەزی کوردو عەرەب و تورکمان داوایان پێشکەش کرد بۆ وەرگرتن لە کۆلیژەکانی نێوبراو، لەئەنجامدا هەموو عەرەبەکان وەرگیران و بەلام یەك خوێندکاری کورد وەرنەگیرا[٤٢].کەواتە سیاسەتی بەعەرەبکردن لەماوەی دەسەلاتی( عەبدولکەریم قاسم) بەردەوام بووە بەشێوەیەکی نهێنی ، لەبەر ئەوەی هەر رژێمێك لە عێراق بەپێی بارودۆخی ئەوکاتەی خۆی کاری راستەوخۆی کردۆتە سەر شێوازی ئاراستەکردنی کارکردن بۆ درێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەبکردن.

ساڵی ١٩٦٣ بە دەستپێکی قۆناغی نوێی بەعەرەبکردنی کەرکووك هەژماردەکرێت، چونکە سەردەمی نۆ مانگی حزبی بەعس لە باشووری کوردستان بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی، ڕووبەرووی پیلان و کردەوەی توندوتیژی بوونەوە کە لە کەرکووکدا خۆی لەپەیرەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردندا بەرجەستە دەکرد[٤٣] کەبەشێوەیەکی هاندان یان ناچارکردنی عەرەبی کۆچەری و لادێ نیشینی نێوچەکانی خواروو و نێوەراستی عێراق بوو

بۆ شاری کەرکووك [٤٤]. بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی وتوێژەکانی سەرکردایەتی کوردو حکومەتی یەکەمی بەعس [٤٥] .
پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و لەمانگی شەشی هەمان ساڵدا هێزێکی زۆری حکومەت ( حەرەس قەومی) دایان بەسەر گەڕەکەکەداو بەرۆژێك پێش ئەوەش کۆمەڵێکی زۆر لەپیاوانی ئەو گەڕەکەیان گرت و کردییانە زیندانەوە، دایان بەسەر گەڕەکی جمهوریدا لەیەکەم رۆژدا نزیکە ١٨٠ ماڵیان کردە نێو لۆری گەورە گەورە و رایانگواستن وبۆ رۆژی دووەم ئەو ماڵانەی کەمابوونەوە دەریانکردن و کەوتنە رووخاندنی گەڕەکە بەشۆفلْ ، کەبەشێك لەماڵەکان کەل وپەلیان تێدا مابوو"[٤٦]. مەبەستی حکومەتی بەعس لە رووخاندی ئەم گەڕەکە کوردنیشینەی کەرکووکدا تەنها گۆڕینی دیمۆگرافی شارەکە و کەمکردنەوەی رێژەی کورد بووە .
لە(١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تا ١٧ ی تەمووزی ١٩٦٨) کەماوەی دەسەلاتی هەردوو برا( عەبدولسەلام عارف و عەبدولرەحمان عارف) یشدا سیاسەتی بەعەرەبکردن بەردەوام بوو، بەڵام بەرادەیەکی کەمتر[٤٧]،لەبەر لاوازی سیاسی و سەربازی و ئابوری لەلایەك و وتوێژەکانی سەرکردایەتی کوردو حکومەتەکانی عێراقی لەلایەکی ترەوە.بەڵام دوای سەرکەوتنی کودەتای دووەمی بەعسییەکان، رەوتی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شاری کەرکووك درێژەی پێدرا، شێوەو جۆری نوێی بەخۆیەوە گرت، ئەمجارەیان رژێمی بەعس هەوڵیدا لەرێگەی یاساوە مەبەستەکانی خۆی پیادە بکات،بۆنموونە: لەمادەی (یەك) ی دەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٦٨ دا هاتووە(شعب العرق جزو من الامە العربیە)[٤٨]واتە(عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب).
لەساڵی ١٩٦٨دا رژێمی بەعس کۆمەڵێك خێزانی لە کەرکووك نێشتەجێکرد، نێشتەجێکردنی ئەو عەرەبانە لەشارەکەدا لەدوو رووەوە کاریگەر هەبوو لەدرێژەدان بەسیاسیەتی بەعەرەبکردندا، یەکەمیان: لە گۆڕینی دیموگرافی دانیشتوانی کەرکووك . دووەمیان: بەشێك لە خێزانی عەرەبە نیشتەجێکراوەکان، رۆڵی دیارییان لەیارمەتیدانی رژێمدا بۆ بەعەرەبکردنی شارەکە گێراو زۆرترینی کوڕەکانیان چوونە نێو پارتی بەعسەوە و کاروباری کارگێری کەرکووکیان پێسپێردرا، لەوانە یەکەمین سەرۆك شارەوانی عەرەب لە کەرکووك دانرا بێت، ( مەزهەر تکریتی) ە کەلە ساڵی ١٩٦٩ کرا بەسەرۆکی شارەوانی، لەو رۆژەوە تائەوکاتەی بەعس لەدەسەلات بوو ئەو پۆستە بۆ عەرەب پاوەندەکرا.[٤٩]
لەلایەکی دیکەوە چەند مانگێکیش دوای راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ئازار،رژێمی بەعس بەبیانوی جۆراوجۆر، چەندین کریکاری کوردی کەرکووکی کارگەی حکومییەکانی لەسەر کار لابرد.بۆنموونە: بەرێوەبەری کۆمپانیا رۆنە رووەکیەکان بەبیانووی نەبوونی رەگەزنامەی عێراقی ،بەفەرمانێکی کارگێری (٤٠) کرێکاری کوردی لەسەر کار لابرد. [٥٠]هەرچەندە بۆ پشتگیرییان یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران، یاداشتێکی ئاراستەی دەزگای پێوەندیدارەکان کرد،[٥١] بەڵام هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر ئەو سیاسەتەی بەعس نەبوو.

سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووك ، تەنیا گۆڕینی دیمۆگرافیای بەخۆوە نەگرتبوو،بەڵکو بوارەکانی رۆشنبیری و خوێندیشی گرتەوە و بەرنامەی پەروەردەی خوێندن بەرۆحێکی بەعسییانە کاری بۆدەکرا، واتە بەرنامەی خوێندنی کوردی شارەکە گۆرانی بەسەر داهێنراو کرا عەرەبی.[٥٢] ئەگەر چی بەپێ یەکێك لەبەندەکانی بەیاننامەی (١١ی ئازار) دەبوایە زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمی بێت لەوناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بن و زمانی پەروەردە و فێرکردن بێت، هەروەها زمانی دووهەمە لەسەرتاسەری عێراقدا.[٥٣]جگەلەمەش دەبوو، پەخشی بەرنامەی کوردی لەتەلەفزیۆنی کەرکووك زیاتر بکرێت تا ئەوکاتە کە وێستگەیەکی لەتەلەفزیۆنی تایبەت بە بلاوکردنەوەی زمانی کوردی دادەمەزرێت. [٥٤]بەڵام بەعسیەکان نەك هەر ئەوەیان نەکرد، بەڵکو شارێگەی کاروباری باکووری هەڵوەشاندەوە و ئەکادیمی کوردی و بەرێوەبەرایەتی خوێندنگە

كوردییەكانی سڕكردو، گشت دیاردەیەكی مێژووی و جوگراف كوردو كوردستانی لەپەرتوەكەكانی خوێندنگەكاندا كوژاندەوە و خوێندنی كوردی لە كەركووك و خانەقین لابراو، چیتر زمانی كوردی وەك زمانی دووەم لە عێراقدا سەیر نەكرا. [٥٥]لەشاری كەركوكدا پروپاگەندەیان بڵاوكردەوە كە خوێندنی كوردی پاشەڕۆژی بۆ نیە كەئەمەش بە پرۆژەیەكی تری بەعەرەبكردنی، [٥٦]شاری كەركوك هەژمار دەكرێت.ئەم سیاسەتەی حكومەتە یەك لە دوایەكەكانی عێراق بەگشتی و بەعس و سەددامیەكان بەتایبەتی، بە یەكێك لە فاكتەرەكانی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ی كەركوك دادەنرێت.

(٢) ڕاگواستن:-

بەگشتی دەتوانرێت بۆ ڕاگواستنی كەركوك بوترێت:" ڕاگواستن ئەو پرۆسە درێژخانەیە كە دژ بە دانیشتوانی كورد لە كەركوك بەدرێژایی حوكمداریێتی عێراق لەسەدەی بیستدا لە نێو سنووری عێراقدا بە ئامانجی گۆرینی دیمۆگرافیا و كەمكردنەوەی ڕێژەی كورد لە كەركوك پیادەكراوە، دەكەوێتە نێوچوارچێوەی جۆری دووەمیشەوە(ڕاگواستنی زۆرەملێ). [٥٧]

پرۆسەی دەركردن و ڕاگواستن لەنێوچەكانی كەركووكدا مێژووییەكی دێرینی هەیە، بۆ نموونە هەر لە ساڵی ١٨٥٠ و لەسەردەمی حومكڕانی عوسمانیەكاندا، سیاسەتی نیشتەجێكردنی خێڵە عەرەبە كۆچەرییەكان پەیڕەوكراوەو ڕاگواستنی كوردانیش هەبووە، بەتایبەتی لەسەردەمی مدحت پاشا(١٨٦٩- ١٨٧٢)كە والی بەغداد بووە[٥٨]. دوای دامەزراندنی حكومەتی پاشایەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ داو لكاندنی ویلایەتی موسڵ ( باشووری كوردستان)پێوەی، لەساڵی (١٩٢٥)ەوە حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق كەوتنە دوورخستنەوەو ڕاگواستنی دانیشتوانی كورد لەنێوچە نەوتاوییە ستراتیجی یەكان،بۆ ئەوەی سەرچاوەكانی نەوت نەكەوێتە دەستی كوردان.[٥٩] كەواتە لێرەوە ڕاگواستنی نێوچە كوردییەكان و بەتایبەتیش كەركوك دەستی پێكردووە، بەمەبەستی شێواندنی پێكهاتەو سیمای نەتەوایەتی نێوچەكوردییەكان، بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا بێت و لەسەر حیسابی نەتەوەی كورد ونەتەوەكانی تری نێوچەكە،[٦٠] بەڵام هەنگاوێكی پراكتیكی بۆ ڕاگواستن و نیشتەجێكردنی عەرەب لە نێوچەی كەركووكدا لەساڵی (١٩٣٧) ەو دەستی پێكردووە،كە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی( مەلیك غازی و یاسین هاشمی)دا بوو لەژێر نێوی(یەكەكانی بەرهەمهێنانی زەوی و زار)دا نزیكەی( ٢٠) هەزار خێزانی عەرەب لەنێوچەی حەویجەو لەنێوان( داقوق و دووزخورماتوو)نیشتەجێكران،لەشێوەی دروستكردنی ئۆردوگای نیشتەجێكردن لەسەر ڕێگەی( كەركوك – بەغداد)و لەنێو شارەكاندا[٦١]. پاش ئەمە لەنێوەراستی ساڵی (١٩٥٩)دا ، دەزگای سەربازی و ئەمنیەكان توندو تیژیەكی وایان بەكارهێنا، كە چەندین ماڵە كوردیان دەركردو،هەندێكیش لەئەنجامی ئەو شاڵاوە شارەكەیان بەجێهێشت و لەبەغداد و لەشارەكانی دیكەی كوردستان نێشتەجێ بوون.[٦٢] لەساڵانی (١٩٦٠- ١٩٦١)دا(عەبدولكەریم قاسم) بڕیاریدا گوندەكانی دەوروبەری كەركوك رابگوازن و ژمارەیەكی زۆر لە گوندەكانیان ڕاگواست.[٦٣] كەبەسەرەتای قۆناغێكی نوێ دادەنرێت بەتێكدان و ڕاگواستن و سوتاندنی زۆربەی گوندە كوردیەكان دادەنرێت، بەتایبەت ئەوانەی گرنگیان لە بواری ئابووری وستراتیژی دا هەبوو بەزۆر دەكران.[٦٤] لەلایەكی دیكەوە حكومەتی نێوەند بۆ دێژەدان بەسیاسەتی ڕاگواستن لە كەركوك دەستیكرد لە ڕاگواستنی مامۆستایانی كوردی ئەو شارە، ئەمە لەو بڕیارە فەرمیەی وەزارەتی پەروەردە دەركەوت كەلەساڵی (١٩٦٠)دا بۆ(بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای كەركوك)ی ناردبوو و تێداهاتبوو: هەرچی دەرچوانی(دار المعلمین و لمعلمات)ە لە كوردەكانی كەركوك لە سلێمانی دابنرێن نەك لە كەركوك.[٦٥] بەم جۆرە ئەو راستیە بەرجەستە دەبێت كەلەماوەی دەسەڵاتی حوكمڕانی

قاسمیشدا پرۆسەی ڕاگواستنی هاوڵاتیانی کورد لە کەرکوك ئەنجامدراوەو، بەپێی بوار بۆ هەڵکەوتنی بارودۆخی سیاسی ئەو کات.

دوای ئەوەی کودەتای بەعسییەکان لە(١٩٦٣/٢/٨)دا روویدا و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت،ئەم قۆناغە شێوازێکی مەترسیدارتری لەخۆگرت، ئەگەر لەقۆناغی یەکەمدا پیلانەکە بریتی بووبێ لە نیشتەجێکردنی عەرەب لە کەرکووکدا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێژەیان، ئەوا لەم قۆناغەدا سەرە ڕای نیشتەجێکردنی عەرەب تیادا،هەڵسان بە وێرانکردنی شارەکە و گوندەکوردیەکانی دەوروبەری و دەرکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی[٦٦]، بەئامانجی تواندنەوەی تاکی کورد لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا.[٦٧] گرتنەبەری ئەم سیاسەتەش، هەڵقوڵاوی هزری رەگەزپەرستانەی( ساگع الحصری) ی دامەزرێنەرەو بیرۆکەدارێژەری حیزبی بەعس ( مێشێل عەفلەق) بوو،عەفلەق بەپێویستی دەزانی بۆ تواندنەوەی ئەو کەمەنەتەوەییانەی کە لەنێو قەوارەی عەرەبدا دەژین، دوو ڕێگا بگێرتە بەر، یەکەمیان: ڕاگواستن بەهێمنی پەیرەو بکرێت، بەڵام درێژەی پێبدرێت. دووەمیان: ئەگەر لە بەرانبەر توانەوە بەرگرییان لەخۆییان کرد،زەبر و زەنگ بەکاربهێنرێت.[٦٨] هەر بۆیە حکومەتی بەعس لە عێراق لەسەر هەمان ڕێبازو پیلان درێژەی بەسیاسەتی عەفلەق دا، پیلانی بۆ ڕاگواستنی کەرکوك لەوچوارچێوەیەدا داڕشت. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تاکو ١٩٦٨ زۆربەی خێزانە نێودارەکانی کوردی کەرکوك ،بەهۆی زەبرو زەنگی دەوڵەتەوە،شارەکەیان جێهێشت و، بەزۆر لەبەغداد یان شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان،نیشتەجێ بوون.[٦٩] ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو ، کە رژێمی هەردوو برا( عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف) لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕاگواستن بەردەوام بوون،بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر لەچاودەسەڵاتەکانی پێش و پاشی خۆیان، [٧٠]دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق کەوای دەخواست کەمتر سیاسەتی ڕاگواستن پەیڕەوبکەن.

کاتێك لە(١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)دا، بۆجاری دووەم بەعسییەکان دەسەڵاتی سیاسیان لە عێراقدا کەوتەوە دەست، بەشێوەیەکی هەمەلایەنترو قوڵتر و بەرفراوانتر و چڕتر و جدی تر کەوتنە داڕشتنی نەخشەو پیلانی ڕاگواستنی نێوچە کوردنشینەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ملیار دیناریان خەرجکرد[٧١].پیلانەکەیان دا چەند شێوازێکیان پەیڕەوکرد، لەوانە:-

١- ڕاگواستن( ترحیل)ی هەموو نێوچە سنوورییەکانی کوردستان و کۆکردنەوەی دانیشتوانەکەی لە ئۆردوگازۆرەملێکاندا.

٢- کۆچپێکردن( تهجیر)ی هەموو ئەو نێوچانەی عێراق کە بەتەوەری ستراتیجیان دەزانی و بەعەرەبکردنی ئەو نێوچانە.

٣-ڕاگواستنی زۆربەی نێوچە نەوتیەکانی کوردستان.

٤- دەرکردن(تسفیر)کردنی هەموو ئەو کوردانەی تۆمەتی ئێرانی بونیان داوەتە پاڵ.[٧٢]

بۆیە پاش دەسەڵات گرتنەوەی دەست بەردەوام ئەو شوێن ونێوچانەی ڕاگواستن دەیانگرێتەوە بریتی بوون لە نێوەچەکانی هێڵی تەماس کە لەنێون هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا بوون، وەك : نێوەچەکانی ( کەرکوك ، مەندەلی، خانەقین، شەنگارو شێخان).[٧٣] بۆنموونە: لەساڵی ١٩٦٨ داو بەپێی بەرنامەیەکی گەڵاڵەکراو وداڕێژراو،دەستیان کرد بە گواستنەوەی زۆربەی ئەو فەرمانبەر ومامۆستاوکرێکارانەی کە لەوە پێشترمابوونەوە،بۆ شارەکانی نێوەراست و خوارووی عێراق یان هەندێکیان بۆ کوردستان، تەنانەت دوای خانەنشینکردنیان نەیاندەتوانی و بواریان نەدەدرا بۆ

کـەرکووك بگەڕێنـەوە.[٧٤] چـونکە هـەر کەسـێکیان رابگواسـتایە یـان شـوێنی کاریـان بگواسـتایەتەوە،رەگەزنامە( نفوسیان) بەبێ ئاگاداربووی خۆیان دەگوێزایەوە بۆ ئـەو نێوچـەیەی بـۆی رادەگـوێزران.[٧٥] بـەم شـێوەیە حکومـەتی بەعس، کەوتۆتە پەرش و بڵاوەپێکردن و ڕاگواستنی کوردانی کەرکووك بۆ شارەکانی تری عێراقدا.بۆ نموونە: لەساڵی (١٩٧٠) دا بەشێکی زۆری موچەخۆرانی نێوەندی شارەکان، بـەهۆی گواسـتنەوەی ئیـداری یـان هۆکـاری سیاسـی بـۆ باشووری عێراق وشارەکانی تری کوردستـــــان گوێزایەوە.[٧٦] هەر پاش هەفتەیەك لە واژۆکردنی بایاننامەی ١١ ئـازار پرۆسـەی ڕاگواسـتن بەشـێوەیەکی بـەرفروان دەسـتی پێکـرد.[٧٧] بـەنێو دروسـتکردنی پشـتێنەی ئـەمنی وپاراسـتنی کۆمپانیـای نــەوت دەیــان گونــدیان راگــوێزاو ســەدان خێزانیشــیان دەرکــرد،[٧٨]وەك ( دوبز،شـوان، سـاڵەیی، قەرەحەسەن،تەرجیل، ترکەشگانی سەروخوارو و لەگەڵ گوندەکانی داودە)، کەلـە نزیکـی چاڵەنەوتیەکانی زەنبـور). [٧٩]دوای خۆماڵیکردنی نەوت و، [٨٠]لەساڵی ١٩٧٣ بەبێ هیچ هۆیەکی تەندروست، هۆشیاری سیاسـی (١١٨) کرێکـاری کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك دەرکران و عەرەبییان لەجێگە دانـرا.[٨١] لەلایـەکی تـرەوە دوای رێککەوتنامـەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی کـورد لەسـاڵی (١٩٧٥)دا دەسـتپێکردنەوەی شۆرشـی نـوێ لـە سـاڵی ١٩٧٦، حکومـەتی بەعسی عێراق بۆ ئەوەی مەترسی دروستبوونەوەی سەنگەری بەرگری لە کوردستان نـەهێڵێ، بەپەلـە کەوتەجێبـەجێ کردنی پرۆسیسی ڕاگواستن .بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانەش دەسەڵاتدارانی عێراق دەستیان کرد بە لێکدابڕانی کورد لەسـەر خـاکی خۆیـان و ڕاگواسـتنیان بـۆ نێوچـەکانی نێوراسـت و خـوارووی عێـراق .[٨٢] بەتایبـەتی دانیشـتوانی ئەونێوچانەی کە ناکۆکی و کێشەیان لەسەر بوو، وەك( کەرکووك ، حانەقین، زومار، شنگار، مەنـدەلی، شـێخان، عـین زالە و سمیل.. تاد).[٨٣] بەم جۆرە سیاسـەتی ڕاگواسـتن لـە شـاری کـەرکوك تـا سـەردەمی ڕاپـەرینی ١٩٩١ و دوای راپەرینیش بەردەوامی هەبوو، کە بەیەکێك لە فاکتەرەکان دەژمێردرێت لـە هەڵایسـانی ڕاپـەرینی کـەرکووك لـە سـاڵی ١٩٩١دا.

(٣)بە بەعسیکردنی کەرکووك :

زاراوەی بەعس( البعپ)بەواتای بوژاندنـەوە یـان زیندووکردنـەوەی کلتـوری عـەرەب دێـت، چـونکە بـەعس خـۆی بـە میراتگری کلتوری گشت عەرەب دەزانێت و بەردەوامیش لەهەوڵ دایـە بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی ئـەو راسـتیە بەسـەر بەرامبەردا.[٨٤] کەواتە ( بەعس) یان( بەبەعسیکردن) بەرهەمی ئایدیۆلۆژیایەکە لە پێکهاتەیدا دەچێتەوە نێو قەوارەی ئەو فۆرمە تازانەی توتالیتاریزم، کە پیشەیان فابریکەکردنی مرۆڤەو کاری رۆژانە یان بریتی یـە لەگرمۆڵـەکردنی مـرۆڤ لەنێو تەواوی ئایدیۆلۆژیای فەرمیدا، کەواتـە ئایـدیۆلۆژیای بـەعس هەوڵدانێکـە بـۆ نوێکردنـەوەی فاشـیزمی مێـژوویی لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی عـەرەبی و پەرسـتنی سـەرۆك.[٨٥] لێـرەوە دیـاردەی تۆتالیتـاری بـەعس یەکێکـە لـەو دیاردە جیاکراوە و دیارانەی کە لەمێژووی عێراق دا دەرکەوت، تەنها یەك جیاکاری گەورەی ئەم تۆتالیتاریە ئەوەیـە کەیە کە تـوانی بـوونی شـتەکان و خـەڵك و کردەوەکـان لـە مێـژووی خۆیـدا بسـڕێتەوە،[٨٦] وبتوێنێتـەوە. یـەکێك لـە سیاستەکانی حزبی بەعس لە عێراقدا پاش گەیشتنی بەدەسەڵات ، بریتی بوو لە( سیاسەتی بەبەعسیکردن)، سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ مرۆڤی ( عێراق )ی سەر بە حزبی بەعسی عـەرەبی بێـت.[٨٧] بۆیـە لـەدوای کودەتـای( ١٧ی تـەمموزی ١٩٦٨)، عەرەبـە بەنێوچـەپخوازەکان یـان(حیزبی بەعس)،لەگـەڵ سیاسـەتی( بەعـەرەبکردن و ڕاگواسـتن )کوچـکەیەکی دیکـە یـان بـە نێو(سیاسـەتی بەبەعسـیکردن) زیـاد کـردو،[٨٨] کەوتنـە جێبـەجێکردنی لـە باشـووری کوردستان بەگشتی وشاری کەرکووك بەتایبەتی ... حیزببی بەعس یـەکێك لـە رێگاکـانی بـۆ بەعسـاندنی کۆمەڵگـەی عێراق بەگشتی و کوردی کەرکووك بەتایبەتی، بریتی بوو لە(مێشك شۆردن)، مەبەست لەو دەستەواژەیە ئەوەیـە لـە

کۆمەڵگەی عێراقدا، بەعس گشت ئەو دەروازانەی داخست خەڵکی هەناسەی ئازادی و واقعییەتی بوونی تێدا هەڵمژێت، بۆیە کۆمەڵگەی عێراقی ئینتمای بۆجیهانێك بوو کە بەتەواوەتی جیاواز بوو لەو دونیایەی خەڵکی تێدا دەژیا، ئیدی کێشەکە بوو بەکێشەی ئەو فیکرە داخراوەی کارلێك لەگەڵ ئەو فیکرانەی دی ناکات کە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن وشێوازی گوزەران و فێرکردنەوەیان پێشدەخەن، بەڵام ئەوانەی هاوشانی ئەو هەلومەرجە نارۆن و هەوڵدەدەن لێی دەربچن، ئەوا چارەنووسان دوورخستنەوە یان کوشتن بوو.[٨٩] مەبەستی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە خەڵکی بەزۆر دەکرا بەبەعسی و حیزب و فکری تەنها حیزب وفکرە بوون لە کۆمەڵگەی عێراقدا بە کەرکووکیشەوە ، بەم چەشنە و لە چوارچێوەی ئەو سانسۆرە زۆرەی کە حکومەتی بەعس بەسەر عێراق وباشووری کوردستان سەپاندبووی،دۆخەکە گەیشتە ئاستێك کە ئامادەنەبوو تەنانەت دەروازەیەکی بچووك بەرووی ئازادی یە دیموکراتییەکان دا بکاتەوە، کەخۆی لە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ و دامەزراندنی پارت و کۆمەڵەی سیاسی دەبینیەوە، تەنها رێگەی بەپارت ورێکخراوێك ئەدا لەوڵات کاربکات، کە حیزبی بەعس وەك حیزبی سەرکردە بناسیبایە و بەحیزبی پێشرەوی لەقەڵەم بدایە، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو کاری رێکخستن لەنێو ریزەکانی پۆلیس و سوپادا ئەنجام بدات.[٩٠]

دوای نسکۆی ١٩٧٥، سیاسەتی بەبەعسیکردنی بۆ نێوچەکانی باشووری کوردستان بە گشتی و کەرکووك بەتایبەتی، لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە برەوی پێدراو پەرەی سەند، لەبەر ئەوەی لەوکاتە بەدواوە حیزبی بەعسی دەستی بەبەعسکردنی هەموو فەرمانگەو قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و تەنانەت ماڵەکانیش کرد.[٩١] چونکە پێیوابوو ئەوەی بەبەعسی بوونی قبوڵ بێت ،ئەوا یەکسەر عەرەب بوونیشی قبووڵ بووە.[٩٢]بەبەعسکردنی کوردستان و کەرکوك لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول ، بەچەندین رێگەی جۆراوجۆرکاری بۆکراوە لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە، لەوانە:-

یەکەم// بەبەعسیکردنی دامودەزگاکانی کەرکووك.

دووەم// بەبەعسیکردنی خوێندن و قوتابخانەکانی کەرکووك.

سێیەم// بەبەعسیکردنی کەرکووك لە رێگەی هێزەوە.

چوارەم// دابەشکردنی گەڕەکەکانی کەرکوك لەسەر بنەمای یەکەی حزبی و بەبەعسیکردنی بە زۆر.

سیاسەتی بەبەعسیکردنیش بەیەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی راپەرینی کەرکووکی ١٩٩١ دادەنرێت.

(٤) سیاسەتی جینۆساید بەرامبەر بە کورد:

سیاسەتی جینۆساید(کۆمەڵ کوژی- رەشەکوژی) حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد و مێژووییەکی دێرینی هەیە، بەڵام پەلامارەکانی ساڵانی (١٩٧٨- ١٩٨٩) بە قوڵی رەگیان لە مێژووی کوردی عێراقدا داکوتاوە[٩٣]،ئەم پەلامارانەش چەند خاسیەتێکی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤیان لەخۆگرتووە، کەئەمانەن:-

(أ) ئەنفال :

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، لە کۆی وشەی(نفل) وەرگراوە، بەواتای زیاد لە ئەندازەی پێویستی هەر شتێك، هەر بۆیە عەرەبەکان بە(نەوە) و شەرعناسەکانیش بە نوێژە سوننەتەکان دەڵێن( نافلە) بەهەر حال نەفل بەهەر شتێك دەوترێت، کە مرۆڤ بەدەستی بهێنێت، لەو رووەوە شاعیر عەرەب (لبیدی کوری ربیعە) لە هۆنراوەیەکدا ووتویەتی:( أن تقوی ربنا خیر نفل وبأذن الله ریپی والجعل). مانای زمانەوانی ئەنفال وادیارە، کەلەناو عەرەبەکاندا گوێزراوەتەوە

بۆدەلالـەت لەسـەر ئـەو شـتومەك و دەسـتکەوتانەی، کـە لـە ڕێگـەی جـەنگ و کوشـتارەوە دەسـت جـەنگاوەران دەکەوێت، چونکە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلامیش (ئەنفال) یان بۆ هـەمان مەبەسـت بـەکارهێناوە، بۆ نمونـە : عەنتەری کوڕی شداد لە دێرە شـعیرێکیدا دەڵێت:(أنـا أژا حمـی الـوغی تـروی القینـا– ونعـف عنـد مقاسـم الانفـال) پێدەچێت زانایانی مەزهەبی سوونە ئەنفالیان بەدەستکەوتێکی شەڕ واتە( غنیمە) مانا کردبێت، ئـەوا فەقیهـەکانی مەزهەبی شیعە( ئەنفال) یان بە جۆرێکی تر لێکداوەتەوە، گوتویانە( ئەنفال) چەمکێکی فراوانتر لە دەستکەوتێکی جەنگی هەیە و بریتیە لە :

١ –ئەو زەوییانەی بێ شەڕ دەستکەوتون.

٢– زەوی بەیار.

٣–دارستانەکان

٤––ئەو زەوی و زارانەی کە، خاوەنەکانیان مردوون و میراتگریان نییە.

٥–میراتی بێ میراتگر.

کەواتە" ئەگەر بۆچوونی یەکەم و وەرگرین، ئەوا ئەنفال چەمکێك نییە ئاییی ئیسلام دایهێنابێت و سەپاندبێتی بەسەر کۆمەڵگـەی عەرەبیـدا، بەپێچەوانەشـەوە ئەگـەر بۆچـوونی دووەم وەربگرین(ئـەنفال) چـەمکێکی جیـاواز لـە چـەمکی دەستکەوت وەردەگرێت و دەبێتە هەندێ لە سەرچاوەی سروشتی ودەرامەتی موڵکی گشتی دەوڵەت، کەس بۆی نییە نییەتی موڵکایەتیان لێ بهێنێت[٩٤]. ئەنفال ناوی سوورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا ، کە لـەکاتی شـەڕی بـەدردا دابەزیوە .

پرۆسەی ئەنفال ئەو پرۆسەیە بوو، کە ڕژێمی بـەعس بـە پـلان و ئامادەکـاری تـەواوەوە بەرامبـەر بـە میللـەتی کـورد پیادەی کرد، بەئامانجی سڕینەوە ولـەناوبردنی مـۆرکی نەتەوایـەتی گـەلی کـورد و لـەناوبردنی هـەموو شـوێنەوارێکی کەلتووری ناسنامەی میللەتی کورد. کۆی پرۆسەکە بە هەشت قۆناغ بۆناوچەکانی باشووری کوردسـتان جـێ بـەجێکرا بەم جۆرەی لای خوارەوە :

–قۆناغی یەکەم بۆ دۆڵی جافایەتی (٢٣ی شوبات بۆ ١٩ مارتی ١٩٨٨).

–قۆناغی دووەم بۆ ناوچەی قەرەداغ( ٢١مارت بۆ ٢ نیسانی ١٩٨٨).

–قۆناغی سێیەم بۆ ناوچەی گەرمیان (٨ی نیسان بۆ ٢٠ نیسانی ١٩٨٨).

–قۆناغی چوارەم بۆ دۆڵی زێی بچووك( ٣–٨/ مایسی /١٩٨٨ ).

–قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم بۆناوچەکانی پاریزگای هەولێر ( ٢٤مایس بۆ ٢٦ ئابی –١٩٨٨ ).

–قۆناغی هەشتەم بۆ دەڤەری بادینان (٢٥ئاب بۆ ١٦ ئەیلولی –١٩٨٨).

کەواتە ئەنفال گەورەترین پرۆسـەی سـەربازی و سیاسـیان بـەلانی کەمـەوە لـە سـەدەی بیسـتەمدا بـۆ لـەناوبردنی و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو سڕینەوەی هەموو شـوێنەوارێکی چـەکداری و پشـتگیری جـەماوەری و شوێنەواری کەلەپووری و کلتووری وئیتنۆگراف و دیمۆگراف گەلی کورد، کە لـەدوا شـەش مانگـەکانی جـەنگی عێـراق– ئێراندا ئەنجام درا، ئەم پەلامارەش سەرجەم ناوچە گوندنیشینەکانی گرتەوەو بووە هـۆی ڕووخانـدنی زۆربـەی هـەرە زۆری گوندەکانی کوردستان و بێ سەرو شوێنکردنی زیاتر لە(١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێتاوانی کورد[٩٥].

ئـەم پرۆسـەیە بەرنامـەو نەخشـەی بۆدارێـژراو بـوو لەلایـەن حکومـەتی بەعسـی عێراقـەوە ، کـە (علـی حسـن مجیـد) سەرۆکایەتی دەکرد[٩٦].

ئەنفال پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی چەند لایەنەیە، کە بە کاولکردنی هەزاران گوند دەستی پێکرد و دانیشتوانەکەی دوا هێرشە سەربازییەکان بە هێرشی کیمیایی کۆکرانەوەو بۆ کەمپەکان گوێزرانەوە، دواتر لە کەمپەکانەوە پرۆسەی پۆلێنکردنی گیراوەکان دەستی پێدەکرد وپیرەکانیان بەرەو کەمپ و زیندانەکانی باشووری عێراق دەنارد، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥–٥٠) ساڵدا بوو بەرەومەرگیان دەناردن، چونکە گروپی کوشتنی بەکۆمەڵ (فرق الاعدام) لەنزیک ئەو گۆرانە بوون، کە پێشتر ئامادەکرابوون بۆ کوشتانی زۆرترین ژمارەی نێرینەکان و شاردنەوەیان لەو گۆڕەبەکۆمەڵانەدا بەشێوەیەك هیچ دەربارەی چارەنوسویان نەزانرێت[٩٧]. بەشێوەیەکی کشتی ئەنفال یەکێك بوو لە خاڵە بنەرەتی و ستراتیژییەکانی کۆلۆنیانیزمی عێراق بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد و بڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد و مرۆڤی کورد لە کوردستانی باشووردا، بۆ شێواندنی سروشتی نیشتیمانەکەی لە ڕووی جوگراف ودیمۆگراف و کلتوورییەوە، سڕینەوەی مەترسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ هەتا هەتایە[٩٨].هەموو ئەمانەش ئەوە دەردەخات، کە پرۆسەی ئەنفال هێرشێکی ڕاستەوخۆ و سیستماتیزەکراوی هەمەلایەنە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگەیەك[٩٩].

دەتوانرێت بووترێت پرۆسەی ئەنفال سەختترین ڕۆژگارە ناهەموارەکانی کوردبووە، لە مێژووی دوور و نزیکدا، کارەستاێکی بێ وینە بوو لە ناوچەکەدا، سەروماڵ و سامانی کوردی تیا بەتاڵان برا، پرۆسەی ئەنفال کرا بە بەئامرازی قەلاچۆکردنی نەتەوەیەك و خاپوورکردنی و سوتماکردنی بەشێك لە نیشتمانی کورد، ئەمە لە کاتێك چەندین ڕێکخراو و جیادجیای ئیسلامی و دەوڵەتانە بەناوم ئیسلام لە گۆرەپانی سیاسی و فەرمانڕەوایی دا بوون،جگەلە ولاتە زلهێزە بەرژەوەند خوازەکانی دنیا و ئەو هەموو ڕێکخراوە جیهانییەی، کە لە بواری ماف مرۆڤ و پارێزگاری کردن لە مرۆڤایەتی کاریان دەکرد، هیچ کام لەوانە ووتەی لێوە نەهات، لەو سەردەمەدا کەسێك نەبوو، کە ئەم گەلە ستەمدیدەیەی بەبیردا بێتەوە و بەرژەوەندی دونیایی کەڕولاڵ بێ ویژدانی کردبوون، هەموویان بە بێدەنگی نیشانەی ڕازیبوونیان بە گوێی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەدا چرپاند، بۆ بەرێکردنی پرۆسەیەك بەناوی( ئەنفال)ەوە بەسەر میللەتی کورددا[١٠٠]. دواتریش دەکرێت بوترێت بەیەکێك لە فاکتەرەکانی ڕاپەرینی باشووری کوردستان و شاری کەرکووك هەژماردەکرێت کەلەساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرد.

(ب)– بەکارهێنانی چەکی کیمیایی:

کاتێك عێراق کەوتە ئەوەی زاڵ بێت لەشەرکەیدا لەگەڵ ئێراندا، سەددام بڕیاری دا کە کێشەی کورد بەیەك قەڵەم یەکالا بکاتەوەو لەکۆڵ بکاتەوە، لەوڕووەوە ئەوەی کەپێی زانرابوو بەرفراوانی بڵاوکرایەوە هەر هێرشەکەی سەر هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی وئەمەش لەئەنجامی داگیرکردنی لە ئاداری ١٩٨٨ دا لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران[١٠١].

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لەوانە گازی خەردەل و دەمار گاز(GB) و یان سیانید دژ بەشاری هەڵەبجە و گۆبتەپەو بالیسان، گوندە کوردنشین و چەندین هەزار کەسێك لە خەڵك و بەتایبەتی ئافرەت ومنداڵ[١٠٢]، کوژران و بریندارببوون.

(ج)– وێرانکردن وگرتن ولەسێدارەدانی بەکۆمەڵ:

یەکێك بوو لەکارەکانی حکومەتی عێراق وێرانکردنی ناوچە کوردییەکان بوو، تێکڕای وێرانکردنی نزیکەی (٢٠٠٠–٤٥٠٠)گوند، کەلە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا ناویان هاتووە سوتاوە وتێکدراوە و تەختکراوە، پاکسازی کراوەو لایەنی کەمیش دە دوانزە شارۆچکەی گەورە ومەڵبەندی بەڕێوەبردن(قەزا و ناحیە)هەمان شتیان بەسەرهاتووە. (ناهیدە

تاڵەبانی و جاسم محمد) لەوبارەیەوە نووسیویانە:" لەساڵی ١٩٨٨ دا زیاتر لە ١٥٠٠ گوند وشارو شارۆچکەی ڕوخێنران و سەرچاوەکانی بیرو کانی وکارێزکوێرکرانەوە و مزگەوتەکان وتەکیەکان تێکدران و سوتێنران".[١٠٣] ئەمین قادر مینەش دەڵێت:" لە پرۆسەی ئەنفالدا ٣٨٣٩ گوندی ئاوەدان لەگەڵ زەویدا تەخت کران، لەگەڵ وێرانکردنی گوندەکاندا(١٧٥٧) قوتابخانە(٢٤٥٧) مزگەوت و چەندین پەرستگای دێرۆکی کۆن و(٢٧١) نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی روخێندران و ژمارەی جوتیارە ڕاگوێزراەکان گەیشتە(٢١٩,٨٢٨) خێزان کە ژمارەی هەر خێزانێك بگرە لە کوردەواریدا پێنج کەس کەمتر نیە"[١٠٤].

لەگەڵ ئەوەشدا تاڵانکردنی ماڵ و سامانی هاوڵاتیانی مەدەنی وئاژەڵ و ماڵاتەکانیان بەئەندازەیەکی بەرفراوان لەلایەن هێزەکانی میلیشیای سەر بەحکومەتەوە. لەگەڵیشیدا گرتنی هەڕەمەگی گوندنشینان لەناوچەی(قەدەغەکراوەکاندا)، لەگەڵ ئەوەش ئەم ناوچانەی زێدی زەوی باب و باپیرانی خۆیان بووە، لەسێدارەدانی تێکڕاو بەکۆمەڵ و بێ سەروشوێن کردنی دەیان هەزار خەڵکی بێتاوان لەوانەی ژمارەیەکی زۆری ئافرەت و منداڵ و هەندێکجار تەواوی دانیشتوانی گوندێك[١٠٥].

ئەو زوڵم و زۆرو کوشتن و برینەی کەدەیان ساڵە رژێم بەسەر گەلی عێراق بەگشتی ونەتەوەی کوردو کەرکووکیان سەپاندبوو مەسەلەی ئازادی کردبووە شتێکی بەرجەستەو بیری تۆڵە و هەق کردنەوەی خوێنی بەناهەق ڕژاوی سەدان کورد تورەییەکی بەجۆش بوو، بورکانێکی زۆر گەورە لە پڕێکا تەقیەوە دارو بەردی قەڵای ستەم و زۆرداری و بێداری لەبن و بنچینەوە ولەڕیشەوە هەڵەتەکاند[١٠٦]. ئەویش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بوو.

(٤) ڕۆڵی بەرەی کوردستانی بۆ دەستپێکردنی ڕاپەرین :

لەناوەڕاستی هەشتاکاندا( یەکێتی نیشتمانی کوردستان •) ، خۆی لەبەردەم سێ گفتوگۆدا دیتەوە، یەکەم لەگەڵ بەغدا، دووەم لەگەڵ کورد، سێهەم لەگەڵ ئێران، سەرنەگرتنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، تاوی بۆ دووڵاکەی تردا، ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٦ دا نوێنەری هاوبەشی( پ.د.ك) و(ح.ش.ع) و(ح.س.ك) گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەیاخسەمەری سەر بە ناوچەی سلێمانی، ئەنجامی کۆبوونەوەکان بەیاننامەیەك بوو کە بانگی یەکگرتنی دژی فەرمانڕەواکانی بەغدا دەرکرد، هەروەها(ی.ن.ك) پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران رێکخستەوە [١٠٧].

ساڵی ١٩٨٦ ئێران هەوڵی ئاشتبوونەوەیەکی دا لەنێوان(ی.ن.ك)و( پ.د.ك) لە(١٩٨٧/٥/٧) دا بەرەی کوردستانی پێکهات، ئەندامانی بەرەی کوردستانی جگەلە(ی.ن.ك)و( پ.د.ك) بریتی بووله (سۆسیالیست) و (پاسۆك) و (پارتی گەل) و (حزبی شیوعی عێراقی لقی کوردستان)یش، لەساڵی ١٩٩٠ دوو حزبی تر هاتنە ناو ئەم بەرەیە کە ئەوانیش( حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری) بوون[١٠٨].

لەدوا داگیرکردنی کوەیت و گۆڕانکارییەکانی ئەو دەمە، چەندین کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بۆ خۆی و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقدا کرد بۆ ، نموونە: لەرێکەوتی (١٩٩١/١/٢٢ز) دا کۆبونەوەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی هەبوو لە (دۆڵناو) لەبارەگای(ی.ن.ك) ، ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر داوای (ی.ن.ك) بوو ، نوێنەرانی (ی.ن.ك): ( فەریدوون عبدالقادر، شێخ عەلی حەمە صالح، حامیدی حاجی غالی) بوون. و نوێنەری پاسۆك( حسێن بەگ) بوو، نوێنەری پارتی (عوسمانی قادرمنەوەر و نەسرەدین)، نوێنەری حزبی شیوعی(عەبدوڵا مامۆ و نەجم صۆفی) بوون ، ونوێنەری سۆسیالیست( محەمەدی حاجی مەحمود و ئەحمەد قەدەفەری و سەیدقادر) بوون. لەم کۆبووەوەیەدا باس لە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکان کرا[١٠٩]، ڕۆژی(١٩٩١/٢/٥) لەبارەگای حزبی شیوعی کۆبوونەوەیەکی دیکەی بەرەی کوردستانی کرا لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەسەر شەڕی( گەردەلوولی بیابان )کرا[١١٠].

لەلایەکی دیکەوە لەرێکەوتی(١٦/٢/١٩٩١) کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن کرا، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە هێزی بەرهەڵستکاران بوون لەوانە(لە حیزبی سۆسیالیست رەسوڵ مامەند) و لە (ی.ن.ك) )(نەوشیروان مستەفا) و لە(مجلس باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق ، سید باقر الحکیم) ولە(حزب الله ، شیخ خالید و شێخ تالب) و(حزب اللەی شۆرشگێڕ ، شێخ ئەدهەم بارزانی ) ، بەشدارییان لە کۆبوونەوەکە کرد کە بەدوو دانیشتن ئەنجام درا، یەکەم ( ئاغا محمد جعفر) ی و هەموو قەرارگای ڕەمەزان بەشداربوون لەسەر هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق ، لەم کاتەدا کوردیش بەرەی کوردستانی دەست پێ بکات، مجلس ئیسلامی لە خوارووی عێراق و بەرەی کوردستانی لەسەرووی عێراق واتە لە کوردستانەوە ، هێرش بکەن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت. لەوکاتەدا (مجلس ئەعلای ئیسلامی) خۆی زۆربە بەهێز دەزانی و لای وابوو ئەو تاکو زاخۆ ڕزگار دەکات، کوردیش ئەوانی دیکە ڕزگار بکات، هەرچەندە لەو کۆبوونەوەیەدا هەوڵ درا بەرنامەی دوای ڕووخانی عێراق دابنرێت بەڵام سەری نەگرت[١١١].

بەرەی کوردستانی، لە سنورەکانیدا دەستی بەسازکردنی هێزەکانی کردەوە، هاوکات پەیوەندی بەو سەرۆك خێڵە کوردانەوە کرد، کە هێشتا پەیمانداری بەغداد بوون، ئەم سەرەك خێڵانە فەرمانداری هەزارەها چەکداربوون، کە جاران بەجاش• دەناسران و ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ڕاپەڕیندا دژی ڕژێم هەبوو ، هەر بۆیە ناوی جاشیان لێ سڕایەوە و ناوێکی دیکەی ڕێزداریان پێ بەخشرا کە(شۆڕشگێری چەکدار) بوو، سەرکردەکانی ئەم هێزانەش هەستیان بە مینەتی ئەو دەمەی ڕژێمی بەعس کرد بێ، بۆیە وایان پێ باشتربوو گفتوگۆ لەگەڵ بەرەدا بکەن، داوایان لەبەرە کرد، کە لێوردنێکی گشتی بەهەموو ئەوانە ببەخشن کە لە تەك هێزەکانی ڕژێمدا شەڕیان کردووە، بەرەی کوردستانی ئەم مەرجەی پەسەند کرد، زۆری پێ نەچوو لێبوردنی گشتی خۆی ڕاگەیاند[١١٢].

بەرنامەی بەرەی کوردستانی بۆ ڕاپەڕین لەشارەکاندا هەرلەزووەوە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە لەپێش چاو گیرابوو، لەکاتی تەنگ و چەڵەمەی کوێت بەرێکخستنی شارەکان ڕاگەیاندرابوو کە هەستن بە ڕێکخستنی بەشەکانی شار، بەتایبەتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆو گۆڕەپانەکانی تری نێو دانیشتوانی شارەکان. لەگەڵ تەواوبوونی شەڕداو کاتی ڕاپەڕینەکەش ڕاگەیەندرابوو، پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانی بانگەوازی جۆرەها گروپی نێو دانیشتوانیان بۆ ڕاپەڕینەکە کردبوو[١١٣]. لێرەدا دەردەکەوێت بەرەی کوردستانی وەك چەترێك وابوو، کە هەموو هێزە کوردیەکانی لە دەورەی خۆی کۆکردبۆوەو، جەماوەریش هەر بەو ناوەوە ڕاپەڕی بوون لە ناوچەکانی کوردستاندا[١١٤].

(٥)–ڕۆڵی دەنگی گەلی کوردستان لە ڕاپەڕیندا:

ڕادیۆی گەلی کوردستان کە ڕادیۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە هەڵگیرسانی ئاگری ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان بە گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی ئەمەش بە پەخشکردنی بەیاننامەو بانگەواز وزانیارییەکانی بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان ، کە لەگەڵ ڕزگارکردنی هەموو شارو شارۆچکەیەك دانیشتوانەکەی هان ئەدا بۆ ڕزگارکردنی ناوچەیەکی تر[١١٥].هەرلەپێش ڕاپەڕیندا ئەم ڕادیۆیە، هەستابوو بە ئامادەکردنی و ئامادەبوونی کادرە شارەزاکانی بەشی ڕاگەیاندن بە گشتی و تێکۆشەرەکانی( دەنگی گەلی کوردستان ) بەتایبەتی گوێزرانەوەی ئامێرەکان و دەستکردن بە پراوەمەشق و خۆ ڕاهێنان لە چۆنیەتی پەخشکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداوەکان ، هاوکات بێت و لەلایەن هەریەکە لە بێژەرەکان ، ئەوانەی ئەرکی ئامادەکردن و بەردەوامبوونی بەرنامەکانی لە ئەستۆدایە[١١٦].

بۆیە کاتێك ڕاپەڕین هاتە کایەوە بەماوەیەك پێش ئەوەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەرکەوتوو ترین ڕۆڵی بینی، پاشانیش ڕادیۆی(دەنگی کوردستانی عێراق) کە رادیۆی (پارتی دیموکراتی کوردستان )بوو شان بە شانی ئەو کوردستانیان خرۆشان[١١٧]. بەڵام چەند هۆکارێکی دەرەکی و ناوەمی هەبوون، بۆ ئەوەی کەئەم رادیۆیە وەکو وتە بێژێکی فەرمی دەرکەوێت لەناو گشت ڕادیۆیەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنەکان بەگشتی و بەرەی کوردستانی، بەتایبەتی لەوانی تر:

(أ)- هۆکارە دەرەکیەکان : لە گرنگترین ئەو هۆکارە دەرکیانەی کە وایکردبوو ئەم ڕادیۆیە رۆڵی سەرەکی هەبێت، ئەمانەن :

١) گەلی کورد تینوی ئەوەبوو کە گوێ لەم دەنگە بگرێ، چونکە دەنگی شۆڕشگێرانی کوردستان و پێشمەرگە بوو بەمانا ڕەسەنەکەی، کە ئەم دەنگە بوو.

٢) پێشوازی خەڵك بۆ بەدواداچونی بەرنامەکانی ڕادیۆ بۆ گوێگرتن لەبەرنامەکان، لەبەر ئەوەی ئارەزوویان هەبوو لە چاودێری کردنی ڕووداو و پێشهاتەکان، پاش ئەو ڕووخانەی ڕژێمی عێراق ، لەلایەکی دیکەوە پچراندنی ووزەی کارەبا و نەمانی پەخشی تەلەفزیۆنی، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە خەڵکی زیاتر گرنگیان بەم ڕادیۆیە و موتابەعەی بەرنامەکانیان دەکرد نەك لە کوردستان، بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق کە پەخشەکەوی پێ نەگەیشت.

٣) نەبوونی باوەڕ بە ڕادیۆی عێراق بەگشتی، بەوەی کە وای بلاودەکردەوە کە گوایە عێراق لەو شەڕەیدا سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانی بەدەست هێناوە کە بەداستانی( ام المعارك) ناوی دەبرد.

٤) بەهۆی ئاشکرای شوێنی پەخشەکەی لەسەر میلی ڕادیۆ، بێ هێزی ئامێرەکانی تەشویشی بەعس.[١١٨]

٥) لاوازی ڕادیۆیەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی لەو کاتەدا، چونکە ڕادیۆی (پ.د.ك) کەناوی (ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق )بوو، بەزمانی بادینی بوو، خەڵکانێکی زۆر لێی نەدەگەیشتن، ڕادیۆی سۆشیالیست لای (P.K.K) بوو، ئەمە وایکرد کە زیاتر گرنگی بە ڕادیۆی( دەنگی گەلی کوردستان)بدرێت.[١١٩]

(ب)هۆکارە ناوەکیەکان : لە گرنگترین ئەم هۆکارانە ئەمانەن:

١) ڕادیۆ زۆربەی راستییەکانی بەبێ زیادەرۆیی وبەبێ کەموکوڕی بۆ گوێگران پەخش دەکرد.

٢) پەخشکردنی سرووده ووروژێنەرەکان کە دەبووە هۆی بەرزکردنەوەی گیانی شۆرشگێڕی و ورەی جەماوەر، ئەمە سەرەڕای هۆنراوەی ووروژێنەر.

٣) زۆربەی بانگەوازەکانی ڕادیۆ ئاراستەی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایەبتی دەکرد، بانگەوازەکانی تایبەت نەبوون بە کورد، بەڵکو ئاراستەیی گەلی عەرەب و تورکمان و ئاشووری ئەکران بەبێ جیاوازی.

٤) خوێندنەوەی بەیان و بانگەوازەکان بەشێوەی حەماسی و عاتیفی کە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گوێگرەکان، کە بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکی پەخش ئەکران[١٢٠].

٥)گەڕۆکی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان واتە شوێنێکی جێگیری نەبوو لە پێشدا لە( زەڵێ) بوو، دواتر لە(ڕانیە)، دواتر هاتە سلێمانی، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆیەکانی سەرکەوتنی[١٢١]. دوای ڕزگارکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان ، بەتایبەتی شارەکانی نزیك کەرکوك(چەمچەماڵ، دووزخورکاتوو، قەرەهەنجیر.... .. تاد)، نزیکبوونەوەی هەڵهاتنی خۆری ئازادی لە کەرکوك، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، رۆڵێکی کاریگەری هەبوو، لە

جۆشدانی خەڵك و هێزی پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك. ئەمەش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بانگەواز و وتارە حەماسییەکانی بەوەی کە ( کەرکوك قودسی کوردستانە)، ئەمە یەکێکە لە دروشمەکانی ڕادیۆ بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك(بابا گرگر، لهبك يرتفع مع الانتفاچه استمر وأرفع لهبك في الآفاق– سوف تشرق الشمس لن يكون هناك مغيب– ونبدأ صباحاً مچيئاً –والى الابد)[١٢٢] . بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) دەورێکی سەرەکی لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا بینیوە.

٥) هۆکاری مێژوویی بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١: کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکارێکی مێژوویی ڕاپەڕینەکانی دیکەی پێشووتری لەپشتەوەیە، بێگومان لە تواناداا نیە دابڕاو لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ڕابردوو، سەیری ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییەی خواروی کوردستان بکەین، چونکە ئەم ڕاپەڕینە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ تەواوکەر و درێژە پێدەری ئەو ڕاپەڕینانەی ساڵانی پێشووتریەتی وەك ڕاپەڕینەکانی ساڵانی( ١٩٨٢ و ١٩٨٤ و .. تاد)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت تەنیا وەك کۆپی کردنەوەو دووبارەکردنەوەی میکانیکیانەی ڕاپەڕینەکانی پێشوو کەڵەکەبوونی چەندایەتی تێی بڕوانین، بەڵکو پێویستە وەك ڕاپەڕینێکی خاوەن سروشت و نیشانەی جیاکەرەوەی سەیری بکەین، بۆ وێنە ئەم ڕاپەڕینە بەخێرایی قۆناغەکانی ڕزگاری شارەکانی گرتەوە و ڕاپەڕینەکە خاوەن سنورێکی جوکرافیایی گەورەبوو، هەموو خواروی کوردستان ڕاپەڕینەکە بەئازارترین زەبری تۆڵەبوو کەلە ڕژێم درا، چونکە جەماوەر بەگشتی لە دژی ڕژێم بوون، ڕاپەڕینەکە تەنهایەك یەك لایەن بەڕێوەی نەبرد بەڵکو هەمە لایەنە بوو، ڕاپەڕینەکە ئامانجی گەڵاڵەتر و بەرزتربوو ، ئەویش ئاڵای کوردستان و دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەلایەن جەماوەرەوە بەرزکرایەوە، ڕاپەڕین سەرجەم چین و بەشەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدارییان تێداکرد[١٢٣] .

تەوەری دووەم : هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینی کەرکووك لە ساڵی ١٩٩١:

ئەگەر بەووردی سەرنج ئەو باروو دۆخەی بەهاری ١٩٩١ ی پێدا تێپەڕی بدەین: کۆمەڵێك ڕووداو هۆکاری کاریگەر هەبوون کە وای کرد ئەو ڕاپەڕینە بەو گەرم و گوڕییەوە نەتوانێت دوا مەبەستەکانی ، کە ئازادکردنی گشت ناوچەکانی کوردستان بوو لە دەست ڕژێمی عێراق بپێکێ و لەماوەیەکی کورت دا بەهەمان لێشاوی پەلاماردان و بۆ پێشەوە چوون بەرەو دوا بکشێتەوەو شکست بهێنێت و ڕژێمی عێراق گشت شارەکان بگرێتەوە بە کەرکووکیشەوە، زیانی گەورەش لە جەماوەری خەڵکی کوردستان بکەوێت لەگشت بوارەکانی (ماددی و مەعنەوی و مرۆیی)ەوە. ئەم هۆکارانە دوو لایەنی هەبوو:

(أ)– هۆکاری دەرەکی بۆ شکستی ڕاپەڕینی کەرکوك .

(ب)– هۆکاری ناوخۆیی( ناوەکی) بۆ شکستی ڕاپەڕینی کەرکوك .

(أ) –هۆکارە دەرەکییەکان: گرنگترین هۆکارە دەرەکییەکان بۆ شکستی ڕاپەڕین لە کەرکووك ئەمانەن:–

١– یەکێك لەو هۆکارانەی کە کوردو کەرکووکیەکانی هاندا بۆ ڕاپەڕین، وولاتانی زلهێزبوو بە تایبەتی (ئەمریکا) ، کە لەکەناڵی ڕاگەیاندنەکانیانەوە وەهایان بڵاودەکردەوە کە مەبەستی سەرەکییان ڕوخاندنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقە، بەڵام ئەمە لەڕاستی یەوە بەدوور بوو[١٢٤]، چونکە هۆکاری سەرەکی وبنەڕەتی لەسەر پاشەکشەو شکستی سەرەکی ڕاپەڕین لە کوردستاندا ئەوە بوو، کە بەرنامە و ئامانجی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی

ڕووخاند و گۆڕینی ڕژێمی عێراق نەبوو، بەڵكو بێ هێزی و لاواز كردنەوەی بوو، لەگەڵ یەكەمین كۆبوونەوەی عێراق وئەمریكا لە خێوەتگەی(سەفوان)[١٢٥]دا، چرای سەوز بۆ عێراق هەڵكرا لەشەری ٢٨لەسەر٢٩/٣/١٩٩١دا ڕێگەی پێدراكە كۆپتەر و تۆپ بەكاربێنێ لەبەرامبەر خەڵكی ڕاپەڕیوی عێراق بە گشتی و كوردستان وكەركووك بە تایبەتی، بەمەش ڕژێمی دیكتاتۆری عێراق لە ماوەیەكی كورتدا توانی ڕێگە بە ڕاپەڕینی خەڵك و دانیشتوانی بەغدادو ناوەڕاست بگرێ و ڕاپەڕینی شارو شارۆچكەكەكانی دیكەش سەركوت بكات و دایبمركێنێتەوە، ئەو هەلە مێژووییەی خەڵكی كوردستانیش لە ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق لەبار چوێنرا[١٢٦]. بەتایبەتی كە هەر سێ وڵاتی(توركیا و ئێران وسوریا) كۆبوونەوە سەبارەت بەرەوشی عێراق و ڕاپەڕینی باشووری كوردستان، لەو بارەیەوە هەڵوێستی خۆیان دەربری، كە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نین عێراق پارچە پارچە بكرێت ودەوڵەتی سەربەخۆی كوردی لە عێراقدا بۆكورد دابمەزرێت. ئەمانەو بەرژەوەندییەكانی تری ئەمریكا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەكەدا هۆكاربوون بۆ ئەوەی جارێكی تر سەدام و ڕژێمەكەی بەهێزبنەوە بۆ لێدان لە ڕاپەڕیوانی عێراق[١٢٧]. ئەوەش كاتێك بوو كە شەڕییان لەگەڵ عێراق وەستاند[١٢٨]. كەواتە وەستانی شەڕ دژی عێراق فاكتەرێكی سەرەكی بوو بۆ شكستی ڕاپەڕین لە كەركووك و باشووری كوردستان .

٢- هەڵایسانی (شیعەكان) ١٩٩١/٢ لە خوارووی عێراق و پشتیوانی كردنی (ئێران)لە ڕاپەڕینەدا، ترسی خستە دڵی ئەمریكا وهاوپەیمانەكان ، كە لەو هەول و مەرجە شكاوەی حكومەتی بەعسی عێراق ، گەر ئەو ڕاپەڕینە پەرەبسێنێ دوور نیە بە گۆڕانكاری لە دەسەڵاتی( بەغدا) ببێت و بكەوێتە ژێر كاریگەری (ئێرانی ئیسلامی) ، كە لەچەند ساڵی رابردوودا دژایەتی (ئەمریكا و ڕۆژئاوای) دەكرد، ئەمەش مەترسیەكی گەورەبوو، بۆیە هەر زوو ڕێگەیان دا بە( ڕژێمی عێراق ) كە هێز بەكار بهێنێت بۆ سەركووتكردنی ڕاپەڕینەكە بە پشتیوانی (تانك و زری پۆش و تۆپ و هەلیكۆپتەر)[١٢٩]. لەو بارەیەوە هاوڕێ قادر ڕەسول دەڵێت:" بەهۆی دەست تێوەردانی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەكاروباری نێوخۆی، بەتایبەت لەڕاپەرینەكەی عێراقدا، بووە هۆی ئەوەی كە دەوڵەتانی خۆرئاوا و هاوپەیمانەكان كارێكی وا بكەن كە ڕاپەڕینەكەی عێراق سەركوت بكەن ، چونكە دامەزراندنی ڕژێمێكی تری ئاینی شان بەشانی ئێران دەبێتە هۆی لێدانی زیاتری بەرژەوەندییەكانیان لەناوچەی كەنداودا، پەیوەندیەكی راستەوانە هەیە لەنێوان ڕاپەرینەكەی باشووری كوردستان وباشووری عێراقدا، بۆیە لاوازی هەرلایەنكیان دەبێتە هۆی ئەوەی كە ڕژێم بتوانێ تەواوی هێزەكانی لەدژی ئەوی تر بەكاربهێنێت بەبێ ئەوەی سەرقاڵی لایەكی تر بێت، سەرەتا هەڵسا بە لەناوبردنی و سەركوتكردنی راپەرینەكەی باشووری عێراق پاشان تەواوی هێزەكانی بەرەو باشووری كوردستان بنێرێت[١٣٠].

لەلایەكی دیكەشەوە ئەم هەڵایسانە ترس و دوودڵی وڵاتانی دەوروبەر لەسەرئایندەی عێراق ، وشێوەی دەسەڵات و حوكمڕانی لە عێراقدا دوا( سەددام حسێن) دروست كرد، كە ئەم مەترسییە تاكو ئێستاش هەر فاكتەرێكی گەورەیە. وڵاتانی كەنداو لەسەردەمی ڕاپەڕینی خەڵكی عێراق و كوردستان لەوە دەترسان ڕژێمێكی ئیسلامی( شیعەو مەزهەب) بێتە سەر حوكم، وڵاتانی دیكەش مەترسی دابەشكردنی عێراقیان دەكرد، توركیاش مەترسی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی هەبوو، بۆیە ئەم هەموو مەترسییانە وایان كرد كەدژی ڕاپەرین بن و ڕاپەڕین بەشێوەیەكی تەواو بەئامانجی خۆی نەگات[١٣١].(صوبحی مهدی) لەو بارەیەوە دەڵێت:" وڵاتە عەرەبییەكانی كەنداو لە ڕاپەڕینەكانی خەڵكی خوارووی عێراق و باشووری كوردستان دەترسان، چونكە پێیان وابوو ئەگەر ڕاپەرینەكە سەركەتووبێت ئێران بەتەواوی بارودۆخەكە قۆرخ دەكان، بەهۆی مەزهەبگەرایی شیعەوە، وڵاتانی كەنداویش كەسوننە مەزهەبن و

ناکۆکبوون لەگەڵ شیعە، لەلایەکی تریشەوە ترسیان لە ڕاپەڕینی کوردەکان و پارچەکردنی عێراق بوو، کەدەبووە هۆی ئەوەی بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی دابڕێت" [١٣٢].

سەرەنجامی گرێدانی ڕاپەڕینی کوردستان بە ڕاپەڕینی شیعەکانی خوارووی عێراقەوە(ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی)هێنابووە سەر ئەو بیروڕایەی هەردوولا (حکومەتی ئێران) پشتیوانی لێ دەکات، بۆیە دووای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خوارووی عێراق لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، پێشگیریان نەکرد لە هێرشی سوپای عێراق بۆ پەلاماردانەوەی کوردستان و کەرکووك.

٣-نەبوونی پەیوەندی و بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ ڕاپەڕین لە عێراق دا، لەنێوان هەردوو ڕاپەڕینەکەی( خوارووی عێراق) و (باشووری کوردستان)، چونکە دەبوو هەردوو ڕاپەڕینەکە لەیەك کاتدا بکرایەو ئامانجیشیان یەك بوایە ئەمە بۆ خۆی دەبووە خاڵێکی بەهێزی ڕاپەڕین لە عێراقدا، بەڵام ڕاپەڕینی خوارووی عێراق لە پێش ڕاپەڕینەکەی کوردستاندا کراو هیچ پەیوەندیەکیشیان لەنێواندا نەبوو، ئەمە بۆ خۆی خاڵێکی لاوازی ڕاپەڕینەکانی عێراق بوو، دەتوانرێ بە خاڵێکی شکستی هەردوو ڕاپەڕینەکەی عێراق دابنرێت[١٣٣]. بەتایبەت دوای شکستی ڕاپەڕینی باشوری عێراق و ڕزگارنەکردنی تەواوی کەرکووك ئەگەری شکست زیاتر بوو، کە ڕوویدا .

٤-حکومەتی عێراق پاش دۆڕاندنی دوو جەنگ •وکاولکردنی ئابووری عێراق و قەرزاری و کوشتارێکی زۆر و لە دەستدانی بەشێکی لەبەرچاوگیراوی دامودەزگا سەرکوتکەر و سەربازیەکانی و ڕیسوابوونی لەسەر ئاستی دەرەوە وناوەوەی عێراق . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا توانای جەنگێکی دیکەی لە کوردستاندا مابوو، لەهەلێکی ڕەخساو دەگەڕا بۆ ئەوەی درێژە بە تەمەنی کورتی خۆی بدات، بەپێچەوانەی هێزی عێراقیەوە، هێزی بەرەی کوردستانی لە هەموو ڕوویەکەوە لاوازتر بوو لە هێزەکەی عێراق ، ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی شکستی ڕاپەڕینەکە بوو[١٣٤]. هەرچەندە هێزەکانی هاوپەیمانان لەوکاتەدا دژی عێراق سەرژمێری ئەو زیانانەی هێزی سەربازی (عێراق) یان لە جەنگی کەنداودا بڵاودەکردەوە، بەجۆرێك بووکە هێزی عێراق تەواو لاوازبوو، بەتایبەتی هێزەکانی( الحرس الجمهوری) کە بەتەواوی تێك شکاو بوو، بەڵام لەکاتی هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە ئازادکروەکان، دەرکەوت ئەو هەواڵانە زۆربەی ناڕاستن و تەنها شەرێکی دەروونی بووە لەدژی عێراق[١٣٥].

لەلایەکی ترەوە (موجاهیدینی خەلق) ڕۆڵێکی زۆر خراپیان هەبوو لە دژی پێشمەرگە، لەراستیدا ئەوان ئەوکات بەشێك بوون لە هێزەکانی عێراق کە خاوەن توانای باش بوون و هەموو چەکەکانیان چەکی سوپای عێراقی بوون، لە چەکە هەرە پێشکەوتوو باشەکان، ئەم هێزە لەهێرشەکردن بۆ ( کەرکووك و دووزخورماتوو و خانەقین) ڕۆڵی دیارییان لەشکانی پێشمەرگە بینی[١٣٦] . (نەشیروان مستەفا) دەربارەی ڕۆڵی موجاهیدینی خەلق دەڵێت:" مجاهدینی خەلق لە شکستی ڕاپەڕین ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی سوپای عێراق بوو، ڕۆڵی ئەوان لە قۆڵی کەلارەوە زیاتر دەبینرێت، بەتایبەت کاتێك پێشمەرگە لە کەلارەوە هێرشیان کرد بۆ کەرکووك ئەوان ڕێگربوون"[١٣٧] کەواتە ( موجاهدین خەلق) وەك بەشێك لە سوپای عێراق ڕۆڵی هەبوو لە شکست وسەرنەکەوتن وگرتنەوەی تەواوی شاری کەرکووك.

٥-ڕژێمی تورکیا دژی ڕاپەڕین بوو لەباشووری کوردستان، کە ببێتە مایەی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی[١٣٨]. ئەمە لە کاتێکدا بوو تورکیا لە جەنگی کەنداودا بەشدارییەکی کارایی کرد، بەوەی فرۆخانەی سەربازی(ئینجەرلیك)ی خستە خزمەتی ئەو جەنگەوە و هاوپەیمانەکان لەوێوە و زەبری قورس و کاریگەرییان لە دامەزراوە ئابووری و سەربازییەکانی عێراقدا، ئەمە جگە لەوەی تورکیا یەکێکەلە ئەندامانی پەیمانی (ناتۆ) ی ڕۆژئاوا و بەرژەوەندی

تورکیا هاوچەشنە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی خۆرئاوا. ئەمە لەکاتێکدایە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان بەگشتی و شاری کەرکووك بەتایبەتی کاریگەری کردە سەر تورکیا، بەتایبەت کە یەکەم دەوڵەتە کە بەشێکی گەورەی کوردستانی لەژێر دەستایە[١٣٩]. لەئەنجامی ڕاپەرینەکەی باشووری کوردستان پەشێوی و نائارامی خەریك بوو دروست بێت لە باکووری کوردستان (کوردستان تورکیا)، هەر بۆیە تورکیا و سەرۆکەکەی(تۆرگۆت ئۆزال) کەوتنەخۆ تا ئارامی نێوچە کوردییەکان بپارێزن، تورکیا دانی بەبوونی کوردو زمان و شوناس وفەرهەنگی کوردیدا نا[١٤٠]. بەم جۆرە ڕاپەرین زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندییەکانی تورکیای ناتۆ دەگەیەنێت و هاوپەیمانەکان لەبەر کورد واز لە تورکیا وبەرژەوەندی یەکانیان ناهێنێت[١٤١]. بەم جۆرە دەتوانرێت بوترێت فاکتەرێکی دیکە بۆ شکستی ڕاپەڕینی کەرکوك و باشووری کوردستان، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و وازهێنان بوو لە کوردو بەرژەوەندییەکانی لەلایەن ڕۆژئاواوە.

٦-ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش لەکاتی دەستپێکردنی دژە هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان، لەسەرەتاوە ل بێدەنگیان هەڵبژارد، ڕژێمی بەغدادیش بە ئارەزووی خۆی درێژەی بە هێرشەکانی دەدا. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێکخراوە پێش چەند مانگێك چەندین بڕیاری دژ بە ڕژێمی بەغداد دەرکرد، بەهۆی داگیرکردنی کویتەوە[١٤٢]. کەواتە دیارنەبوونی هەڵوێستی ڕوونی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر هێرشەکانی بەغداد بۆ نێوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بە کەرکووکیشەوە ، بەیەکێك لەهۆکارە دەرکییەکان هەژماردەکرێت بۆ ڕاپەرینی باشووری کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی.

(ب)- هۆکاری ناوخۆیی(ناوەکی ):

گرنگترین هۆکارە ناوخۆییەکانیش بۆ شکستی ڕاپەڕین لە کەرکوك و کوردستاندا بەگشتی ئەمانەن:-

١-پێکهاتەی بەرەی کوردستانی لەبنەڕەتەوە لەسەر بنچینەیەکی(تێگەیشتن و ڕەزامەندیەکی دەروونی لە ناخەوە)نەبوو، لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانیدا، کە چەند ساڵ بوو لە( شەڕو ناخۆشی) دا بوون لەگەڵ یەکتری داو درزو کەلێنێکی گەورە لە نێوانیاندا دروستبوو، بەئاسانی سارێژنەدەکرا. لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان داوایان کرد لە حکومەتی ئێران کە ڕێکیان بخات ، ئەوانیش بەڵێنیاندا کە بەرژەوەندی ئێران لە ئاشتیەکەیاندا بپارێزن، ئەمەش چاوەڕوانی تێکچوون و هەڵوەشانەوەی لێ دەکرا[١٤٣].بۆیە دەبینین لەسەردەمی ڕاپەڕینەکەدا، پێکهێنەری ڕاپەڕین کە(بەرەی کوردستانی)بوو، بەرنامەیەکی ڕوون وئاشکرا و شیاوی بۆ قۆناغی ڕزگارکردن و قۆناغی دوای ئەو نەبوو[١٤٤]. بۆ نموونە: بەرەی کوردستانی بەرنامەی تەواوەتی بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك پێ نەبوو، هەر حزبەو بۆخۆی لەم پەڕی ڕاست بۆ ئەو پەڕی چەپ، لە هەموو گەڕەکەکاندا چەندین بارەگایان کردبووەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پارتێك ئاگای لەوەی دیکە بێت[١٤٥]. لەگەڵ ئەوەشدا(ی.ن.ك) هەرلەسەرەتای ڕاپەڕینەکەوە بەرنامەی بۆ ڕاپەڕین دانابوو، بەڵام ئەم بەرنامەیە هیچ حزبێکی دیکە پەیڕەوی نەکرد، چونکە لە دڵەوە ئاسوودە نەبوون، بەرنامەی یەکێتی پەسەند بکەن و کاری بۆ بکەن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن[١٤٦]، دیارە ئەم بێ بەرنامەییەی( بەرەی کوردستانی) خاڵێکی لاوازی ڕاپەڕینەکە بوو، خاڵێکی سەرەکی شکستی ڕاپەڕینەکەش بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی .

٢-لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێشتر بیریان لەوە نەکردبوەوە کە هێزی چەکداری گشت لایەنەکان دروست بکەن( سوپای کوردستان)، کە لەژێر فەرماندەیی (یەك سەکردایەتی شارەزاو بەهێز و بە ئەزموون)دا بێت، کە باش هەڵی سوڕێنێت، بۆیە هەر کە چوونە شاری کەرکووکەوە، هەر حزبە بۆ خۆی بڕیاری دەدا و میلیشیایی بێ سەرو

بەری دروست دەکردو دەی جوڵان، هۆکاری سەرەکی ئەمەش لەبەر زۆری فرەلایەنی بوو، لەکاتی راپەڕیندا نەتوانرا وەك پێویست هێزی تازە هاتووی ناوپێشمەرگە ڕێك بخرێت، نەدەتوانراش وەك پێویست سوود لەو چەك و تەقەمەنیانەی کە گیرابوو وەربگرن، دەتوانرا سوپایەکی بەهێزی پڕ چەك و تەقەمەنی پێ ئامادەبکرایە[١٤٧]. هاوڕێ قادر رەسول لەم بارەیەوە دەڵێت:" نەبوونی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەرو هێزی پێشمەرگە نەتوانن بەگری لە هێرشەکانی داگیرکەر بکەن و درێژە بەخەباتی بەرەیی بدەن، کە پێویستی بە پلانی پێشکەوتووی سەربازی و بەکارهێنانی جۆرەها چەکی قورس ونوێ هەیە، ئەمە وگرتنی ئەو هەموو تانك و زەری پۆش و دژە ئاسمانی و تۆپی قورس، لەکاتی راپەرینەکەدا دەستکەوتی سەربازی زۆر بوو، بەڵام کادیری سەربازی پێویست بۆ بەرکاهێنانی ئەو چەکانە نەبوو، ئەو چەکانەش کە بە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کەوت، نەیتوانی بۆ بەرپەرچدانەوەی دژە هێرشەکانی رژێمی بەغداد وەك پێویست بەکارییان بهێنێت[١٤٨].

٣-نەگرتنی شاری موصل ، کە بۆ عێراق زۆرگرنگی هەبوو، کە بڕیاربوو هێزی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ئازادی بکەن لە کاتێکدا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەرکوك ئازاد دەکات، بەڵام بریارەکە وەکو خۆی جێ بەجێ نەکرا و (پ.د.ك) هیچ هێزێکیان بۆ سەر (موصل) نەنارد. ئەمە لەکاتێکدا بوو ئازادکردنی موسڵ رووخانی بەغدادی دیاری دەکرد، چونکە زۆربەی ئەفسەرانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵاتیان هەبوو، بەهۆی سوور نەبوونیان خەڵکی موصل رازی نەدەبوون شارەکەیان وێران بکرێت و چارەکیان بۆ سەدام دەدۆزیەوە لەبەغدا. موصڵ قورساییەکی گەورەی هەبوو لە رووی ئابوریەوە بۆ عێراق و تێکدانی ئابوری موصڵ و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ عێراق کاری دەرەوونی دەکردە سەر بەغدا و بەغدادیش راپەڕینی لێ پەرپادەبوو[١٤٩]. بەڵام جێ بە جێنەکردنی ئەم پلانە هەموو شتەکانی بە پێچەوانەوە بۆ سوودی رژێمی عێراق گەڕاندەوە وتوانی راپەرینەکانی عێراق سەرکووت بکات.

٤-کادێر و فەرماندەکانی بەرەی کوردستانی لە چەند ساڵی رابردووی شەری لەگەڵ حکومەتی عێراق دا تەنیا شارەزای ( شەڕی پارتیزانی و شەڕی شاخ) بوون و، هیچ ئەزموونێکیان لەشەڕی بەرگری و پەلاماری ناوشار نەبوو، بۆیە کاتێ کە هێرشی دوژمن دەستیپێکرد بەرەو شارەکان، زوو شکان و بەرگریان پێ نەکرا[١٥٠]. لەلایەکی دیکەشەوە پارتە سیاسییەکان لەناو شاری کەرکوکدا هەر خەریکی کۆکردنەوەی هێزبوون، کە تەنیا بەناونووسین لەگەڵیاندا بێت، ئەوەندە بیریان لەبەرگریکردن(دیفاع) نەدەکردەوە و رەنگە هەندێ سەرکردەی حزبەکان تاکو نەگیرانەوەی کەرکوك بیریان لەبەرگری نەکردبێتەوە[١٥١].

٥-کەرکووك بەتەواوەتی پاك نەکرایەوە، جگەلە چەکداری نهێنی ناو( قادسیە، تسعین، رەحیم ئاوا، شۆریجە)، هێشتا بنکەی ستراتیژی سەربازی و هێڵی یەکلاکەرەوەی پاراستنی شار( کلیلی متمانە) کە( مەعەسکەر خالید)بوو، لەژێر دەسەڵاتی رژێمدا بوو، هێزی پێشمەرگە وەکو پێویست هەوڵی کارای نەدا بۆ گرتنی ئەو سەربازگەیە، جا بەنەگرتنی ئەم سەربازگەیەش نەدەتوانرا پشتێنەیەکی ئەمنی بەهێز بۆ پارێزگاریکردنی کەرکوك دابنرێت[١٥٢].ئەمەش بەسەرەتای شکستی راپەرین لە کەرکووك هەژمار دەکرێت.

٦-لەگەڵ چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکوك دیاردەی تاڵان و دزی لە رادەبەدەر بوو، هەرچەندە تاڵان خۆی شتێکی سرووشتیە لە گۆڕانکاری ئاوادا بەڵام ئەوەی لەم شارەدا کرا زەنگێکی مەترسیدار بوو[١٥٣]، چونکە زۆربەی چەکدارو هەندێ لەبەرپرسانی باڵاش سەرگەرمی کاری تایبەتی خۆیان و گلدانەوەی سامان و دزی و جەردەیی

بوون، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بارودۆخێكی ناهەموار ونەخوازاو لەناو شاردا[١٥٤]. فاكتێكیش بوو بۆ شكستی ڕاپەڕین لەم شارەدا.

٧-سوود وەرنەگرتن لە چەكە قورسەكانی ڕژێم و بەكارنەهێنانی ئەم چەكانە، چونكە ئەگەر سوودیان لێ وەربگیرایە دەتوانرا زۆر لە هاوكێشەی شەڕەكە بگۆڕێ و زەرو زیانی گەورە بە دوژمن بگەیەنرایە[١٥٥]. دیارە ئەمەش لەبەر نەبوونی كادیری جۆراوجۆر بوو بۆ چەكە قورسەكان و هێزی پێشمەرگە زیاتر لەسەر چەكی سووك ڕاهێنرابوون.

٨- ڕێكنەخستنی جەماوەری ڕاپەریوی كەركوك بەچاكی و بەردەوام بوونی دیاردەی بەرەڵایی و پاشاگەردانی و، ئەمەش كاریگەری لە لاوازی كۆنترۆڵكردنی بەرەی كوردستانی بەسەر ڕووداو ڕاپەرینەكەدا هەبوو، فاكتێك بوو بۆ وەستانی ڕاپەڕین لە نیوەی كەركوك ، وەستانی ڕاپەڕینیش بووە هۆی خۆكۆكردنەوەی هێزە پەرشوبڵاوەكەی ڕژێمی عێراق و دواتر گرتنەوەی شارەكانی( كەركوك ، هەولێر،سلێمانی، دهۆك)، [١٥٦]لەلایەكی دیكەوە تێكەڵبوونی (پێشمەرگەو جەماوەر)، كرداری زۆر خراپ و نالەباری لێكەوتەوە، بەتایبەتی لەناو شارە گەورەكاندا بەناوی پێشمەرگەوە ( لەراستیدا پێشمەرگە نەبوون) كاری ناجۆرییان ئەنجامدەدا، ئەوەش كاریگەری زۆر خراپی هەبوو لەسەر شێواندنی ناوی (پێشمەرگە) ئەو پیرۆزییەی پێشترییان نەما[١٥٧].ئەمەش كاریگەری هەبوو لەسەر شكستی ڕاپەڕین لە كەركوك.

٩- لێبوردنی گشتی، لەگەڵ ئەوەی هۆكارێك بوو بۆ فراوانبوونی ڕاپەڕین لە باشووری كوردستان ، بەڵام ئەم لێبوردنە گشتییە، كردنەوەی دەرگای پارتەكان بوو لەسەر پیاوە خراپە دژە كورد و خۆفرۆشان، سەرنجام بوو بەهۆی ساردبوونەوەی جەماوەر و پاكنەكردنەوەی ناوچە ڕزگارنەكراوەكان لە پیاوانی ڕژێمی بەعس، كەبوونە (تابووری پێنجەم•)، لەپشتی بەرەی شەڕەوە بۆ هێزەكانی دوژمن، لەكاتێكدا پێویست بوو دەزگای دادگای شۆرشیان بۆ دابمەزرێ[١٥٨]. ئەو دەرگایە ڕەنگەدانەوەی زۆر هەبوو بۆ شكستی ڕاپەڕین بەتایبەتی لە كەركوك ، چونكە ڕژێمی بەعس لە مێژووە بوو كەركوكی كردبوو ناوەندی كوردە دژ بە كوردەكان.

١٠- نەبوونی ئێزگە و ڕاگەیاندنێكی یەكگرتووی بەرەی كوردستانی، تا جەماوەری ڕاپەڕیوو و پێشمەرگە ئاراستە بكات و بەباشی ڕێكیان بخات، هەرچەندە مەودای ڕاپەڕینەكە زۆر كورت بوون ، بەڵام كاروباری ڕاگەیاندن و ڕای گشتی بربڕەی پشتی ڕاپەڕین و شۆڕشە. لەگەڵ ڕادیۆی دەنگی گەلی كوردستان كە ڕۆڵی باشی بینی، بەڵام لەو ماوەیەدا لایەنەكانی بەرەی كوردستانی نەیان توانی چەند بڵاوكراوەیەكی وادەربكەن كە ڕاپەڕینەكە لەلایەنی جەماوەرەوە بەهادارتر بێت و ببێتە هۆی یەكخستنی ڕیزەكانیان[١٥٩]، ئەمەش فاكتێكی شكستی ڕاپەڕینی كەركوك و باشووری كوردستانیشە.

ئەنجام

یەکەم : بەعەربکردن وراگواستن و بەعساندنی کەرکووك ، شێوازێك بوو لە شێوازەکانی جینۆسایدی (کلتوری — نەتەوەیی) وەك قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو و جوگرافیا و دیموگرافیا، لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەش نێوان هاولاتیانی کەرکوك، بۆیە ئەم سێ کوچکەیەی سیاسەتی بەعس و صەدامیەکان فاکتەری سەرەکی بوون بۆ دروست بوونی چەندین جولانەوەو راپەرین لەکەرکوك ، بەتایبەت راپەرینی سالی ١٩٩١ .

دووەم : جەنگی کەنداوی یەکەم ودووەم کە حکومەتی بەعس تووشی عێراقی کرد، کاریکەری زۆری هەبوو لە سەر لایەنەکانی ( ئابووری ، سیاسی ، سەربازی، کۆمەلایەتی، تەندروستی و ... تاد ) ، کۆمەلگەی عێراقی بەتەواوەتی بەرەونابووت بردوو، بۆیە هەمووان لە هەلێك دەگەران بۆ رزگاربوون لەو دەستەلاتە بەتایبەت کەرکووکییەکان . چونکە بەعسیەکان ئابووری شارەکەیان دەبردوو لەجێی ئەوەی بۆ بووژندنەوەی شارەکەیان بەکاری بهێنن بەپێچەوانەوە بۆ شەرو لەناوبردنی پێکهێنەرە ریشەییەکانی کەرکووك بەکاریان دەهێنا.

سێیەم : صەدام وبەعسیەکان تاکە رێگەیان بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەباشووری کوردستان و کەرکووك لەناوبردنی بووە، هیچ رێگەیەکی تریان بەکار نەهێناوە . بۆیە هەرچی رێگاو پیلانی نایاسایی و نامرۆڤانەیان گرتبووە بەر و دەولەتی عێراقیشیان بۆ ئەو مەبەستانە بەکارهێناوە و تەنانەت لەپێناوی نەمانی دۆزێکدا بەناوی دۆزی کورد بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی ، تاکە حکومەت وسەرۆکێکە ، کە بەهۆیەوە جینۆسایدی سەدان هەزار کوردی کردووە ، بەبەکارهێنانی هەموو چەك و شێوازەکانی قەدەغەکراوی نێودەولەتی ، ئەو سیاسەتەش بەفاکتەرێك بۆ راپەرینی کەرکووکی سالی ١٩٩١ هەژماردەکرێت.

چوارەم : راپەرینی شەعبان لە باشووری عێراق و هەنگاوەکانی بۆکۆنترۆلکردنی شارە شیعە مەزهەبەکانی عێراق، پالپشتێکی باش بوو بۆ دەستپێکردنی راپەرین لە باشووری کوردستان و کەرکووك ، بەهەمان شێوە پاش تێکەلبوونی پاسداران و بەرزکردنەوەی وێنەی ئیمام خومەینی لەناو راپەرین و پشتگیردنی نێودەولەتی لە راپەرینی شیعەکان شکستی خوارد، ئەو شکستەی شیعەکان سەرەتایەك بوو بۆ شکستی راپەرین لە باشووری کوردستان بەگشتی و شاری کەرکووك بەتایبەتی.

پێنجەم: سیاسەتی بەژەوەندخوازییانەی ولاتانی جیهان و هەرێم بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لەسەرەتای جەنگی کەنداوی دووەم و داگیرکردنی کوێت هاندەری سەرەکی بوون بۆ هەلایسانی راپەرین لە عێراق و باشووری کوردستان و کەرکوك لە سالی ١٩٩١ . لە هەمانکاتدا فاکتەرێکیش بوون بۆ شکستی ئەو راپەرینە، بەتایبەتی کاتێك راپەرین لە شارەکانی باکووری عێراق لەگەل خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا یەکی نەدەگرتەوە.

شەشەم: پێکهاتەی بەرەی کوردستانی و هەنگاوەکانیان بۆ راپەرین لەسەرەتاوە هاندەرێکی باشبوو بۆ دەستپێك و فراوانی راپەرین لە باشووری کوردستان تاکو ئازادکردنی کەرکووك، بەلام نەبوونی متمانە ونەشارەزایی لە بەرێوەبردنی شارو پلان دانەنان بۆ بەرگری و نەشارارەزاییان لەشەری بەرەی فراوان و پەنادانی زۆر لە پیاوانی بەعس و چەندین کاری دی بەرەی کوردستانی ، هۆکارێك بوون بۆ شکستی راپەرینی کەرکووك لەسالی ١٩٩١ دا.

سەرچاوە

یەکەم : پەرتووك :

(أ)- پەرتووکە کوردییەکان :


١. ئازاد: ڕاپەڕین و دیبلۆماسیەتی گفتوگۆ، تەمووزی ١٩٩٨.

٢. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان وشۆرشی ئەیلول بنیادنان و هەڵتەکاندن،١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩ .

٣. ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراقی و سیکۆچکەی بەعسییان( تەرحیل، تەعریب، تەبعیس) ، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩ .

٤. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی( لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراق )، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥. تشارلز تریب: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عێراق(لێکۆڵینەوەیەکی بەلگەنامەییە لە مێژوویی عێراقی نوێ لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستی ٢٠٠٢.

٦. پشکۆ حمە تاهیر ئەغجەلەری:ڕاپەڕینی کەرکووك لەساڵی ١٩٩١ ، بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٧. پیتەر وگالبریت:کۆتایی عێراق -چۆن کارنارێکی ئەمریکا شەڕێکی بێکۆتایی بەرپاکرد، و.مامکاك، هەولێر،٢٠٠٧.

٨. جەزا توفیق تالیب: بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەنتەری لێکۆڵنیەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

٩. جەمال نەبەز: ئیستە و پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگری جەنگی عێراق و ئێراندا، ستۆکهۆلم، ١٩٨٩.

١٠. دیڤیدماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد،و:ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، کتێبی ڕوناکبیری ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١١. رەجائی فاید: کوردەکانی عێراق ،و. عەلی میرزا عارف هەورامی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠ .

١٢. رفیق شوانی: کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

١٣. رۆد هۆڤ، میغیل لیزنبیرگ، پیتر مۆر،هەڵبژارنەکانی (١٩)ی مایسی ١٩٩١ ، ئەزمونێکی دیموکراسیانەیە، سەفوە صدیق، هۆڵەندا.

١٤. رێباز: ترکەی کوردستان(بەرلە ڕاپەرین، لەگەڵ ڕاپەرین، دوای ڕاپەرین)، ١٩٩١.

١٥. زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارش، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦. سالار حمە سور باسیرە، جەنگی عێراق - کوێت لەروانگەی ئابورییەوە، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

١٧. سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان(١٩٧٥-١٩٩١)، چاپ و بڵاوکراوەکانی چوارچرا،ب،ش، ٢٠٠١.

١٨. سنور سەباح سدیق: مێژوویی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەپارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١.

١٩. سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد، مکتب بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٠. شەوکەتی حاجی موشیر: چیۆەرۆدەروازەیەك بەرەو کەرکوك، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢١. عارف قوربانی: کەرکوك و پاکتاوی رەگەزی لە بەلگەنامەکانی بەعسدا، بەرگی دووەم،چاپخانەی تیشك ، کەرکوك، ٢٠٠٥.

٢٢. عبدالرزاق مەرزەنگ: راپەرینی بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢٣. عەبدوڵا كەریم مەحمود: رەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٢.

٢٤. عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوە كوردلە كوردستانی عێراق لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا( ١٩٨٠- ١٩٨٨) .

٢٥. عومەر حەمەدەمین نورە دین: سیستەمی نوێ ی جیهانی و دۆزی كورد (كوردستان وەك نمونە)، چاپخانەی حادی صالح، هەولێر، ٢٠٠٣.

٢٦. عومەر هەمزە ساڵح: ڕاگواستن( لێكۆڵینەوەیەكی جوگراف ومێژوویی و راگواستنی زۆرەملێی گوندنیشنەكانی كوردستان- پشدەر وەك نموونە)، چاپخانە خانی، دهۆك،٢٠٠٩.

٢٧. غەفور مەخموری: بەعەرەبكردنی كوردستان - بەعەرەبكردن مەترسییەكانی بەرەنگاربوونەوەی، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٨. فاتح رەسول ، بنچینەی مێژوویی بیرۆكەی چەپ لە كوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٩. كەنعان مەكییە: كۆماری ترس، و. حەمە رەشید ، دەزگاو چاپ و بەخشی سەردەم ، كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٠. كۆمەڵێك نوسەرانی كوردو بیانی: گوڵێكی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، و. محەمەدگۆمەیی، سوید ١٩٩٨.

٣١. لەتیف فاتح و مەجید صالح: كورد قڕان، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٣٢. لۆرانس كایلۆن ولیام كرستۆل:جەنگی عێراق، و.عبدوالكریم عوزیر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣٣. مارف عمر گول: كێشەی كەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی كورد، چاپخانەی سەردەم،سلێمانی، ١٩٩٧.

٣٤. مەحمود سنگاوی: بیرەوەرییەكانی سەنگاوی، دەزگاوچاپی پەخشی حمدی، سلێمانی، چ٢، ٢٠٠٥.

٣٥. محەمەد شاكەلی : كوردو توركمان( پرۆژەیەك بۆ ڕاستكردنەوەی واقێكی خولقێنراو)،چاپخانەی منارە، هەولێر ، ٢٠٠٦.

٣٦. محەمەد نوری زۆراب: سێ دێی ئەنفالكراوی داودە لە كردەی ئەنفالدا، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٨.

٣٧. محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی سێهەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣٨. محەمەد رئوف عەزیز: ئەنفال ورەهەندە سۆسیۆلۆژییەكانی، چ١،چاخانەی تیشك ، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٩. محەمەد سەعید سۆڤی : پارێزگای كەركوك لەناپاكتاوكردنی رەگەزییدا، چاپی سێهەم، لە بلاوكراوەكانی بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی رۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤٠. مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی بۆ چەك وزاراوەكانی سەردەم، چاپخانەی تەفسیر، ٢٠٠٨.

٤١. میدڵ ئیست وۆچ: جینۆساید لە عێراقدا وپەلاماری ئەنفال لەسەر كورد، سیامەند مفتی زادە، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

٤٢. ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد: ئەنفال گەرمیان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤٣. نەبز دووبزی: دووبزلەنێوان( ڕاگواستن و بەعەرەبكردن) دا، بێ شوێن و جێگەی چاپ ، ٢٠٠٠ .

٤٤. نەجم سەنگاوی:خەباتی چەكداری و رامیاری نەتەوایەتی كورد، چاپخانەی پەیوەند،٢٠٠٩.

٤٥. نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و.محەمەد مەلا کەریم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤ .

٤٦. هاوڕێ قادر رەسول، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر راپەرینەکەی بەهار، ١٩٩١ ی باشوری کورد ، لەبلاوکراوەکانی ·بنکەی کوردۆلۆژی)، هۆڵەندا، ١٩٩٤.

٤٧. هۆشەنگ ڤاری: کەرکوك لەنێوان رەسەنایەتی و بەعەرەبکردندا، لەبلاوکراوەکانی( ملتقی الزمن للپقافه والفنون) ، کەرکوك ،٢٠٠٩.

٤٨. هۆشمەندی عەلی:ڕاپەرینی هەولێر لە ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.

(ب) پەرتووکە عەرەبییەکان :

١. خلیل اسماعیل محمد: مؤشرات سیاسه التعریب والتهجیر فی اقلیم کوردستان العراق، الگبعه الپانیه، مکتب التوعیه (ی.ن.ك)، سلیمانیه، ٢٠٠٣.

٢. شاكر ومحويان وحسريتان وأولغاجيغالينا: حرکه الکردیه فی عصر الحدیپ، ت/ عبدالحاجی، دار الرازی . للگباعه والنشر، لبنان، بیروت، ١٩٩٢.

٣. گە بابان: عالم الکورد المرعب،کتاب الّول، مگبعه شفان،السلیمانیه، ٢٠٠٢.

٤. عمر یاسین جباری وئخرون: کرکوك مدینه القومیات المتأخیه، مرکز کربلاو للبحوپ والدراسات—المملکه المتحده، ٢٠٠٣.

٥. عونی الداودی : کرکوك ،الگبعه الپانیه، سلیمانیه، ٢٠٠٤ .

٦. المنجد فی اللغه والاعلام، الگبعه الپامنه والپلاپون ، دار المشرق ، بیروت، ١٩٨٦.

(ج) پەرتوك بە زمانی ئینگلیزی :

١– National Foreign Asseesssmentcenter:The Kurdish probelm in perspective,(u)Aresearchreport,secret,PA٧٩-١٩٣٣ OD,١٩٧٩.

دووەم : گۆڤار و رۆژنامەکان:

١. ئاران: ئەرابخای وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(١٦)، حوزەیرانی ٢٠٠١.

٢. ئارمان رەئوف محەمەد: پاکتاوکردنی رەگەزی لە هەرێمی کوردستان ، گۆڤاری سەروەری، ژ(١٦).

٣. ئەمیرخدادکەرەم محەمەد:رەوشی دەروونی و کۆمەلایەتی وئابوری راگوێزراوان،گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٧)، هاوینی ٢٠٠٣.

٤. التأخی، عدد(٤٩٣) ،١٩٧٠/٧/٢٣..

٥. التأخی، عدد(٤٩٥)، ١٩٧٠/٧/٢٦.

٦. تەها سلێمان: خوێندنەوەیەك بۆ حیزبی بەعس و کارەساتی ئەنفال،گۆڤاری ئەنفال،ژمارە(٤) ، ساڵی ٢٠٠٣.

٧. پەیامنێری سلێمانی: چۆن ڕاپەرین هەڵگیرسا، گۆڤاری گوڵان، ژمارە(٥٢٧)، ٢٠٠٥.

٨. حەسەن کوێستانی، لەیادی دووەم ساڵرۆژی سەرکەوتنی ڕاپەرین، گۆڤاری سەرهەڵدان، ژمارە(٢)، ئایاری ١٩٩٣.

٩. دلێر ئەحمەد:ئەو بارودۆخەسیاسی و کۆمەلایەتییەی( ی.ن.ك) ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری ڕێبازی نوێ ، ژمارە(١٩) ، حوزەیرانی ٢٠٠٠.

١٠. ژینۆ سایدرو: خەبات لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسیندا، سەنتەری برایەتی(گۆڤار)، ژمارە(٢٥)ن ٢٠٠٢.

١١. رۆژنامەی برایەتی ،ژمارە( ٣٣٠٩)،رۆژی دوو شەممە، ٢٠٠١/٢/١٢.

١٢. سەرکەوت: دور اژاعه صوت شعب کردستان فی الانتفاچه، سەرهەڵدان (گۆڤار)، ژمارە(٢)، ئایاری ١٩٩٣.

١٣. سیروان ، ڕاپەرین گۆڕانکاری پێویست، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (١٣)ـ ، ئایاری ١٩٩١.

١٤. صبحی بەرزنجی: چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگ و مێژوویی ئیسلامدا، گوڤاری ڕووناکبیر، ژ: ٧،ـ ئایاری ٢٠٠٢.

١٥. چاوپێکەوتنی(LISSYSCH MIDT) ، و: شیروان، یەکگرتن( گۆڤار)، ژمارە(١٣)، ئایاری ١٩٩١.

١٦. لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك، گۆڤاری(پڤین)، ژمارە(٢)، ئۆکتۆبەر(١٩٩٧).

١٧. لەتیف فاتح فرج: ڕاگواستن وەك سیاسەتی جینۆسایید،گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(٢٣)، ئەیلولی ٢٠٠١.

١٨. محمد میرگەسووری:ڕاپەرین و وەرچەخانی خەبات، هەواڵ، ژمارە(١٧٢) ،مارتی ٢٠٠٦.

١٩. نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆرینی واقعی نەتەوەیی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمرۆ، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(٩)، هاوینی ٢٠٠١.

٢٠. نوسەرێکی نادیار: بەڵگەنە لە ڕاپەرینەکانی کوردستانەوە، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە(١٣)، ئایاری ١٩٩١.

٢١. هەڵکەوت عەبدوڵا: ڕاپەرین گۆرانکاری پێویست، گۆڤاری (یەکگرتن)، ژمارە (١٣)ـ ، ئایاری ١٩٩١.

سێیەم : نامەی زانکۆیی :

١. پشکۆ حمەتاهیر عبدالرحمن، شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧–١٩٧٧ ، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٢. سەروەر عبدالرحمن عمر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥ –١٩٧٦، ماستەرنامە، سلێمانی،٢٠٠١.

چوارەم : چاوپێکەوتن :

١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

٢. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهمەن حسین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

٣. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( صوبحی مەهدی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٢١.

٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هاوڕ سەید عەلی جەباری)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سیروان کوێخا نەجم)، سلێمانی، ٢٠٠١/١١/١٦.

٦. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهمەن حسین عوسمان)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ ( د. نوری تاڵەبانی)، هەولێر، رۆژی یەك شەممە، ٢٠١٠/٢/١٤

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئامینە تەفیق مەحمود)، سلێمانی، رۆژی سێ شەممە، ٢٠١٠/٤/٢٠.

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ( ئیمساعیل حیدەر عەلی) سلێمانی، یەك شەممە، ٢٠١٠/١/٢٤

الملخـــص

(عوامل البدأ وانكسار انتفاضة كركوك عام ١٩٩١)

ظهرت السنوات العشرة الاخيرة من القرن العشرين كمرحلة جديدة ومميزة في التأريخ المعاصر للكرد، وذلك بسبب التغيرات الاقليمية والعالمية وتأثيراتها المباشرة على مناطق الشرق الاوسط و كوردستان . الذي يخص في هذه المرحلة قامت الكرد بالانتفاضة والتي بدأت في مدينة رانية وبعد ذلك حررت جميع مناطق جنوب كوردستان وفي ١٩٩١/٣/٢١ حررت مدينة كركوك ايضاً لمدة ثمانية ايام ، وإذا نظرنا بشكل أدق الى الاوضاع في جنوب كوردستان وكركوك بصورة خاصة، إذ ان بداية الانتفاضة وانسحاب البشمركة في كركوك له عوامل الداخلية و ومن البدأ ان تستعرض هذه العوامل تحت عنوان ( عوامل البدأ وانكسار انتفاضة كركوك عام ١٩٩١). ويحتوي البحث على مبحثين:

المبحث الاول : عوامل انتفاضة كركوك ١٩٩١

المبحث الثاني : عوامل انكسار انتفاضة كركوك ١٩٩١.

**The Factors of the Start and Failure of Kirkuk City Uprising in ١٩٩١**

The last decade of twentieth century a new stage emerged in the history of Kurdistan's endeavor for freedom that was special and distinguishing. At that time, the changes of the world had direct reactions on the regions of the Middle East, including Kurdistan.

Regarding Southern Kurdistan, at that time a wide uprising was carried out against the Iraqi Government of that time (١٩٩١). The uprising started from Raniya district on ٥th of March ١٩٩١that led to the freedom of almost all the cities and areas of Southern Kurdistan. In the final stage of the uprising, according to an accurate and well-designed plan, the city of Kirkuk was also set free on ٢١st of March ١٩٩١. The freedom of Kirkuk continued for ٨ days and this approved the historical fact that Kirkuk is a part of Kurdistan.

The uprising of Southern Kurdistan cities, especially in Kirkuk, had many reasons that paved the road to start the uprising and setting free the majority of the cities, districts and sub-districts of Southern Kurdistan.

Something that distinguishes Kirkuk from the other cities is that the peshmarga forces were able to stay in the city only for ٨ days, after that they withdrew from it.

In this paper, the researcher attempts to discuss topic in a historical and scientific way. Generally, the paper consists of two chapters.

Chapter one deals with the external and internal factors of the start of uprising in Kirkuk.

This chapter is divided into two further sections which are:

Section one: The external factors of the start of Kirkuk uprising.

Section two: The internal factors of the start of Kirkuk uprising.

Chapter two deals with the external and internal factors of the failure of Kirkuk uprising. This chapter also consists of two sections:

Section one: The external factors of the failure of Kirkuk uprising.

Section two: The internal factors of the failure of Kirkuk uprising

## پەراوێزەكان

(١) د.سالار حمه سور باسیره، جەنگی عێراق – كوێت لەروانگەی ئابورییەوە، بێ شوێن و صاڵی چاپ، ل٧

(٢)ڕێباز: نركەی كوردستان(بەرله ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین)، ١٩٩١، ل٣١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣١–٣٣.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.

(٦) محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی سێهەم، چاپی یەكەم ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٥٦–٢٥٧.

(٧) ڕێباز: سەرچاوەی پێشوو،ل٣٨–٣٩.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

(١٠) فاتح رەسول ، بنچینەی مێژوویی بیرۆكەی چەپ له كوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٦٨.

(١١) محەمەد حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨– ٢٥٩.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠.

- ئەم ژمارەیە جێگەی گومانە.

(١٣) مەحەمەد حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

(١٤) پەیامنێری سلێمانی: چۆن ڕاپەڕین هەڵگیرسا، گۆڤاری گوڵان، ژمارە(٥٢٧)، ٢٠٠٥،ل١٧–١٨.

(١٥) ڕێباز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢–٢٣.

(١٦) عبدوالرەزاق مەرزنگ: ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٢–٦٢.

(١٧) ئازاد: ڕاپەڕین و دیبلۆماسیەتی گفتوگۆ، تەمووزی ١٩٩٨، ل٢.

(١٨)پیتەر وگالبریت:كۆتایی عێراق –چۆن كارنارێكی ئەمریكا شەڕێكی بێكۆتایی بەرپاكرد، و.مامكاك، هەولێر،٢٠٠٧،ل٢٣.

(١٩) تشارلز تریب: چەند لاپەرەیەك له مێژووی عێراق(لێكۆڵینەوەیەكی بەڵگەنامەییە له مێژوویی عێراقی نوێ لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەراستی ٢٠٠٢ن)، و.محەمەد حوسێن وعەبدولقادر كەلهور، ٢٠٠٨،ل٣٠٦.

(٢٠) پیتەروگالبریت:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦،لۆرانس كایلۆن وولیام كرستۆل:جەنگی عێراق، و.عبدوالكریم عوزیر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٤٣–٤٤.

(٢١) كۆمەڵێك نووسەرانی كورد و بیانی: گوڵێكی پەژمورده و نیشتمانی پەرت، و. محەمەد گۆمەیی،سوید، ١٩٩٨، ل٤١٥.

(٢٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز( نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(٢٣) ژینۆ سایدرو: خەبات لەپێناوی ماف چارەی خۆنووسیندا، سەنتەری برایەتی(گۆڤار)، ژمارە(٢٥)ن ٢٠٠٢، ل١٧٠.

(٢٤) حەسەن كوێستانی: لەیادی دووەم ساڵرۆژی سەركەوتنی ڕاپەڕین، گۆڤاری سەرهەڵدان، ژمارە(٢)، ئایاری ١٩٩٣،ل٨.

(٢٥) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز(نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(٢٦) نوسەرێكی نادیار: بەڵگەنە له ڕاپەرینەكانی كوردستانەوە، گۆڤاری یەكگرتن، ژمارە(١٣)، ئایاری ١٩٩١، ل٣١.

(٢٧) چاوپێكەوتنی توێژەرلەگەڵ بەرێز (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

- ڕای توێژەر.

(٢٨) کۆمەڵێك نوسەرانی کوردو بیانی: گولێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، و. محەمەدگۆمەیی، سوید ١٩٩٨، ل٤١٥.

(٢٩) محەمەد حاجی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو،ل٤١٦.

(٣٠) ئازاد ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤" پشکۆ حمە تاهیر ئەغجەلەری : راپەرینی کەرکووك لەساڵی ١٩٩١ ، بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٣ ، ل٥١.

(٣١) مارف عمر گول: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی کورد، چاپخانەی سەردەم،سلێمانی، ١٩٩٧،ل١١٦.

(٣٢) عومەر حەمەدەمین نورە دین: سیستەمی نوێ ی جیهانی و دۆزی کورد (کوردستان وەك نمونە)، چاپخانەی حادی صالح، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٥٢.

(٣٣) رەجائی فاید: کوردەکانی عێراق (هیواو ئاوات لەنیچوان بەدیهاتن و بەدینەهاتن)،و.عەلی میرزا عارف هەورامی، چاپ وبلاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران،سلێمانی، ٢٠١٠،ل٢٩٣. " سلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان(١٩٧٥-١٩٩١)، چاپ و بلاوکراوەکانی چوارچرا،ب،ش، ٢٠٠١،ل١٩٨.

(٣٤) ئازاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٣٥) محەمەد حاجی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

(٣٦) المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة الثامنة والثلاثون ، دار المشرق ، بيروت، ١٩٨٦، ل٩٤٨.

(٣٧) .خليل اسماعيل محمد: مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق، الطبعة الثاني، مكتب التوعية (ی.ن.ك)، سليمانية، ٢٠٠٣ ، ل٩

(٣٨) بڕوانه//لەتیف فاتح و مەجید صالح: کورد قڕان، بەرطی یەکەم ، ضاثخانەی سلێمانی، ٢٠٠٣ ، ل٣٥-٣٦

(٣٩) وەرگیراوە لە// عارف قوربانی: کەرکوك و پاکتاوی رەگەزی لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا، بەرگی دووەم،چاپخانەی تیشك ، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل١٤٠- ١٤١

(٤٠) د. خليل اسماعيل محمد: مؤشرات سياسه التعريب والتهجير فى اقليم كوردستان العراق،ل١٠-١٩.

(٤١)چاوپێکەوتن لەگەڵ ( د. نوری تاڵەبانی)، هەولێر، رۆژی یەك شەممە، ٢٠١٠/٢/١٤

(٤٢) محەمەد شاکەلی: کوردو تورکمان( پرۆژەیەك بۆ راستکردنەوەی واقعێکی خوڵقێنراو)، ل ٢٤-٢٥.

(٤٣) سنور سەباح سدیق: مێژوویی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەپارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١،ل٧٠.

(٤٤) بۆزانیاری زانیاری بڕوانە // ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان(تەرحیل تەعریب تەبعیس) ، ل٢٣٥-٢٣٩.

(٤٥) عونى الداودى : كركوك ،گبع الپانيه، سليمانيه، ٢٠٠٤ ، ل ١٩.

(٤٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئامینە تەفیق مەحمود) لەساڵی ١٩٣٦ لە سلێمانی لەدایکبووە، دواتر لەساڵی ١٩٤٨ ماڵیان چووتە کەرکوك و یەکێك بوونە لەوخێزانانەی لەساڵی ١٩٦٣ خانوەکەیان رووخێندراوە، سلێمانی، رۆژی سێ شەممە، ٢٠١٠/٤/٢٠.

(٤٧) د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆرینی واقعی نەتەوەیی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمرۆ، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(٩)، هاوینی ٢٠٠١، ل١٤.

(٤٨) وەرگیراوە لە // ئارمان رەئوف محەمەد: پاکتاوکردنی رەگەزی لە هەرێمی کوردستان ، گۆڤاری سەروەری، ژ(١٦)، ل١٢

(٤٩) د.نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و. محەمەد مەلا کەریم، ل٤٢ ." محمد سەعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، ل١٧.

(٥٠) التأخى، عدد(٤٩٣) ،١٩٧٠/٧/٢٣..

(٥١) التأخى، عدد(٤٩٥)، ١٩٧٠/٧/٢٦.

(٥٢) بڕوانە // د. عەلی تەتەرنێروەی: بزاڤی ڕزگایخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق .. ل٤٤– ٤٥." دلێر ئەحمەد:ئەو بارودۆخەسیاسی و کۆمەلایەتی‌یەی( ی.ن.ك) ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری ڕێبازی نوێ ، ژمارە(١٩) ، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل١٤.

(٥٣) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلول ، ل٢٦٥.

(٥٤) شاکر ومحویان وحسریتان وأولغاجیغالینا: حرکه الکردیه فی عصر الحدیپ، ت/ عبدالحاجی، دار الرازی . للگباعه والنشر، لبنان، بیروت، ١٩٩٢،ل ٢٤١.

(٥٥) کەندالێ و کۆمەڵێك نوسەری دیکە: کەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت ( کوردو کوردستان) ، و.م/ گۆمەیی،٣٣٧– ٣٣٢.

(٥٦) in problem Kurdish Asseesssmentcenter:The Foreign National perspective,(u)Aresearchreport,secret,PA٧٩-١٩٣٣ OD,١٩٧٩,P.٣٠.

(٥٧) پشکو حمە تاهیر عبدالرحمن، شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧–١٩٧٧، تێزی دکتۆراه، بەشی مێژوو زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

(٥٨) سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد،ل٢٣٤.

(٥٩) )جەزا توفیق تالیب: بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق ،ل١٠٠.

(٦٠) ڕۆژنامەی برایەتی ،ژمارە( ٣٣٠٩)،ڕۆژی دوو شەممە، ٢٠٠١/٢/١٢.

(٦١) ئەمیرخدادکەرەم محەمەد:ڕەوشی دەروونی و کۆمەلایەتی وئابوری ڕاگوێزراوان،گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٧)، هاوینی ٢٠٠٣، ل٥٧.

(٦٢) )د.ڕەفیق شوانی : کێشەی کەرکوك وچۆنیەتی چارەسەکردنی ،ل٢٥ . " ئەمیرخواکەرەم محەمەد:ڕەوشی دەروونی و کۆمەلایەتی وئابوری ڕاگوێزراوان،گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٧)، هاوینی ٢٠٠٣، ل٥٧.

(٦٣) غەفور مەخموری: بەعەرەبکردنی کوردستان – بەعەرەبکردنی مەترسیەکانی،بەرەنگاربوونەوەی،ل٣١.

(٦٤) عومەر هەمزە سالّح: ڕاگواستن،ل٦٩.

(٦٥) )غەفور مەخموری: بەعەرەبکردنی کوردستان – بەعەرەبکردنی مەترسیەکانی،بەرەنگاربوونەوەی،ل٣٣٠٩٢.

(٦٦) هۆشەنگ ڤاری : کەرکوك لەنێوان ڕەسەنایەتی و بەعەرەبکردندا، ل٣٩– ٤٠.

(٦٧) ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سیکوچکەی بەعسیان(تەرحیل، تەعریب،تەبعیس)، ل ١٤٣.

(٦٨) بڕوانە // عەبدوڵلا کەریم محمود: ڕەشەبای ژەهروئەنفال،بەرگی دووەم،ل٨.

(٦٩) د. رفیق شوانی: کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی،ل٣٠.

(٧٠) د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەیی کەکروك لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، گۆڤاری کەرکوك،ژ(٩)،ل١٤.

(٧١) سۆزان کەریم مستەفا:بەعسیزم و کورد،ل٢٣٩." ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیژی عێراق و سیکۆچکەی بەعسییان( تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، ل١٤٤.

(٧٢) ئەمین قادر مینە: هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.

(٧٣) گە بابان: عالم الکورد المرعب،کتاب الّول، مگبعه شفان،السلیمانیه، ٢٠٠٢، ل٢٥٩.

(٧٤) د.نوری تاڵەبانی:ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و: محەمەد مەلاکەریم،ل٧ ." د. رفیق شوانی : کێشەی کوردو چارەسەرکردنی،ل٣٢ . " محمد سعید سۆڤ:پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزییدا، ل٧٦.

(٧٥) عارف قوربانی : کەرکوك و پاکتاوی ڕەگەزی لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا، بەرگی دووەم، ل١١٦.

(٧٦) ستران عەبدوڵلا: رازەکانی تەعریب و راگواستن ، چاپخانەی روون، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٥٧.

(٧٧) د. عمر یاسین جباری وێخرون:کرکوك مدینه القومیات المتأخیه، ل٩١–٩٢.

(٧٨) لەتیف فاتح فرج: راگواستن وەك سیاسەتی جینۆساید،گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(٢٣)، ئەیلولی ٢٠٠١،ل٦٧– ٦٨.

(٧٩) ئاران: ئەرابخای ولاتی کوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(١٦)، حوزەیرانی ٢٠٠١،ل١٥٤– ١٥٥.

(٨٠) بۆزانیاری لەسەرخۆماڵیکردنی نەوت بڕوانە باسی دووەمی بەشی سێیەم ،ل .

(٨١) لەتیف فاتح فەرج: کوردو کەرکوك،ل٨١– ٨٢ ."چاوپێکەوتن لەگەڵ( ئیمساعیل حیدەر عەلی) سلێمانی، یەك شەممە، ٢٠١٠/١/٢٤ ." محمد سعید سۆفی : پارێزگای کەرکووك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، ل١٠٧.

(٨٢) د. دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخەسیاسی و کۆمەلایەتیەی(ی.ن.ك)ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری رێبازی نوێ،(١٩)، ل١١– ١٢.

(٨٣) د. عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوە کوردلە کوردستانی عێراق لەسالانی جەنگی عێراق و ئێراندا( ١٩٨٠– ١٩٨٨) ،ل ٣٧ . " دیڤید ماکداول:مێژووی هاوچەرخی کورد. و. ئەبوبەکر خۆشناو،ب٢،ل٧٠٠.

(٨٤) تەها سلێمان: خوێندنەوەیەك بۆ حیزبی بەعس و کارەساتی ئەنفال،گۆڤاری ئەنفال،ژمارە(٤) ، سالی ٢٠٠٣ ، ل١٨١ .

(٨٥) ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژویی،ل١١.

(٨٦) سۆزان کەریم مستەفا: بەوعسیزم و کورد، ل١١١.

(٨٧) پشکو تاهیر ئاغجەلەری:راپەرینی کەرکوك سالی ١٩٩١ ،ل٥٦.

(٨٨) نەبز دووبزی: دووبزلەنێوان( ڕاگواستن و بەعەرەبکردن) دا، بێ شوێن و جێگەی چاپ ، ٢٠٠٠ ،ل٧.

(٨٩) کەنعان مەکییە: کۆماری ترس، و. حەمە رەشید ، دەزگاو چاپ و بەخشی سەردەم ، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ص٢١٧– ٢١٨.

(٩٠) جەمال نەبەز: ئیستە و پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگری جەنگی عێراق و ئێراندا، ستۆکهۆلم، ١٩٨٩،ل٣٨.

(٩١) لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك،ب١،ل١٣٤.

(٩٢) پشکۆ حمه تاهیرئاغجەلەری: راپەرینی کەرکوك سالی ١٩٩١ ، ل٥٦.

(٩٣) میدڵ ئیست وۆچ: جینۆساید لە عێراقدا وپەلاماری ئەنفال لەسەر کورد، سیامەند مفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩،ل٥٠.

(٩٤)صبحی بەرزنجی: چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگ و مێژوویی ئیسلامدا، گوڤاری رووناکبیر، ژ: ٧،- ئایاری ٢٠٠٢، ب ٣–٤.

(٩٥) محەمد رئوف عەزیز: ئەنفال ورەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی، چ١،چاخانەی تیشك ، سلێمانی، ٢٠٠٥،ل٢٣.

(٩٦) میدڵ ئیست ئووچ: جینۆساید لە عێراق وپەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: سیامەند موفتی زادە، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩،ل١٢٦

(٩٧) محەمەد رەئوف عەزیز: س.پ.، ل٢٧.

(٩٨)عەبدلا کەریم مەحمود: رەشەبای ژەهر و ئەنفال، ب١،چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٢،ل٣.

(٩٩) محەمەد رەئوف عزیز: سەرچاوەی پێشوو، ب٢٤.

(١٠٠) محەمەد نوری زۆراب: سێ دێی ئەنفالکراوی داوده لە کردەی ئەنفالدا، چ١، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٨، ل٢٢–٢٣.

(١٠١) (ڕۆد هۆڤ، میغیل لیزنبیرگ، پیتر مۆر، ) هەڵبژارنەکانی (١٩)ی مایسی ١٩٩١ ، ئەزمونێکی دیموکراسیانەیە، سەفوە صدیق، هۆڵەندا، ل٢٢.

(١٠٢) میدلً ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

(١٠٣) ئەنفال گەرمیان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٤.

(١٠٤) ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ كوچكەی بەعسیان، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٤٦.

(١٠٥) میدلً ئیست وۆچ، هەمان سەرچاوە، ل٤٨، ٤٩.

(١٠٦) ئازاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

● بیرۆكەی دامەزراندنی(ی.ن.ك) لەلای (جەلال تالەبانی)دەستی پێكرد، بەنامە لە ڕێ ی (شازاد صائیب) ەوە راوێژ لەگەڵ(كۆمەڵە) دا كرد بەدوو نامە كۆمەڵەی لە بیروڕاكانی ئاگاداركردەوە، پاشان كۆمەڵەش لە (مایسی ١٩٧٥)دابیرۆكەكەی جەلال تالەبانی حستە بەرباس و لێكۆڵینەوە و لە مارتی ١٩٧٥ وەڵامیان دایەوەو پشتگیریان لە رێكخراوێكی نیشتمانی فراوان كردەوەسەرئەنجام لە دیمەشق كۆبوونەوە كراو بریاری دامەزراندنی درا.( سەروەر عبدالرحمن عمر: یەكێتی نیشتمانی كوردستان ١٩٧٥ -١٩٧٦، ماستەرنامە، سلێمانی،٢٠٠١،ل٦٢-٦٤).

(١٠٧) كۆمەڵێك نوسەری كوردو بیانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨، ٤٩.

(١٠٨) رۆد هۆڤ، میغیل لیزنبیرگ، پیتر مۆر ) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(١٠٩) محەمەد حاجی مەحمود : سەرچاوە پێشوو، ل٢٦١.

(١١٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

(١١١) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

● جاش(مرتزقە) زاراوەیەكی تایبەتەبە كوردە، هەرچەندە لە هەموو جیهاندا هاوشێوەی هەبووە كە دۆخەكەی لە جەوهەردا بە جاشی كوردستان بچێت، بەڵام وەك یەكیش نین لە كوردستان بەو خەڵكە گوتراوە جاش كە چەكی دوژمنی داگیركەری كوردستانی هەڵگرتووە دژی شۆرشی كوردو بەرامبەر بەهەندێ چارە، جاچایەتی لەناو كوردا نامۆو ناشریترین پیشەبووە.(مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی بۆ چەك وزاراوەكانی سەردەم، چاپخانەی تەفسیر، ٢٠٠٨، ل٣٠٣.

(١١٢) كۆمەڵێك نوسەری كوردو بیانی:گەلێك پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت ،و:محمد گۆمەیی ، سوێد،١٩٩٨، ل٤١٥-٤١٦.

(١١٣) چاوپێكەوتنی(LISSYSCH MIDT) ، و: شیروان، یەكگرتن( گۆڤار)، ژمارە(١٣)، ئایاری ١٩٩١،ل٢٥.

(١١٤) محەمەدی حاجی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

(١١٥) سەركەوت: دور اڑاعە صوت شعب كردستان ڤ الانتفاچە، سەرهەڵدان (گۆڤار)، ژمارە(٢)، ئایاری ١٩٩٣،ل٨٤، ٨٥.

(١١٦) حەسەن كۆێستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(١١٧) ئازاد: سەرچاوەی پێشوو،ل١٠.

(١١٨) سەركەوت: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

(١١٩) محەمەدحاجی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو،ل٦٥.

(١٢٠) سەركەوت: سەرچاوەی پێشوو،ل٨٦.

(١٢١) چاوپێكەتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز( نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(١٢٢) سەركەوت: سەرچاوەی پُێشوو، ل٨٧.

(١٢٣) هەڵكەوت عەبدوڵا: ڕاپەرین و گۆرانكاری پێویست ، گۆڤاری یەكگرتن، ئایاری ١٩٩١ ، ل٩ ،١٠.

(١٢٤) چاوپێكەتنی توێژەرلەگەڵ بەرێز:( نەوشیروان مستەفا)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(١٢٥) (سوار شكۆف)سەركردەیەكی سەربازی ئەمریكا لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی سەبارەت بە هەڵكردنی گۆڵپی سەوز بۆ عێراق ووتی:" ئێمە وەكو ئەمریكا ودەوڵەتانی هاوپەیمان دەست ناخەینە رێگای حكومەتی ، ئەگەر فرۆكەكانیان بسورێتەوە بەسەر ئاسمانی عێراقەوە ". (نەجم سەنگاوی : سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦٤-٣٦٥" محمد میرگەسووری:راپەرین و وەرچەخانی خەبات، هەواڵ، ژمارە(١٧٢) ،مارتی ٢٠٠٦).

(١٢٦) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز(بەهمەن حسین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

(١٢٧) نەجم سەنگاوی:خەباتی چەكداری و رامیاری نەتەوایەتی كورد، چاپخانەی پەیوەند،٢٠٠٩، ل٣٥٦– ٣٦٠.

(١٢٨) هۆشمەندی عەلی:راپەرینی هەولێر لە ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١١٠.

(١٢٩) شەوكەت حاجی موشیر، سەرچاوەی پێشوو،ل١١٩.

(١٣٠)لێكۆڵینەوەیەك لەسەر راپەرینەكەی بەهار، ١٩٩١ ی باشوری كورد ، لەبڵاوكراوەكانی (بنكەی كوردۆلۆژی)، هۆڵەندا، ١٩٩٤،ل٥٧.

(١٣١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز(بەهمەن حسین)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

(١٣٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ( صوبحی مەهدی)، سلێمانی، ٢٠٠٨/١/٢١.

(١٣٣) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز(هاوڕ سەید عەلی جەباری)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

- مەبەست لە جەنگی( عێراق– ئێران) و جەنگی(گەردەلولی بیابان)ە.

(١٣٤) سیروان ، راپەرین گۆڕانكاری پێویست، گۆڤاری یەكگرتن، ژمارە (١٣)ـ ، ئایاری ١٩٩١، ل ١٩– ٢٠.

(١٣٥) هاوڕێ قادر رەسول: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠–٢١.

(١٣٦) مەحمود سنگاوی: بیرەوەرییەكانی سەنگاوی، دەزگاوچاپی پەخشی حمدی، سلێمانی، چ٢، ٢٠٠٥،ل٤٠٩، چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (سیروان كوێخا نەجم)، سلێمانی، ٢٠٠١/١١/١٦.

(١٣٧) چاوێكەوتنی توێژەر لەگەڵ( نەوشیروان مستەفا)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(١٣٨) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهمەن حسین عوسمان)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/١٣.

(١٣٩) هاوڕێ قادر رەسول: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(١٤٠) چاوێكەوتنی توێژەر لەگەڵ( نەوشیروان مستەفا)، سلێمانی، ٢٠٠١/١٢/٢.

(١٤١) هاوڕێ قادر رەسول: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(١٤٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(١٤٣) شەوكەت حاجی موشیر، سەرچاوەی  پێشوو، ل١١٩.

(١٤٤) هەڵكەوت عەبدوڵا: راپەرین گۆرانكاری پێویست، گۆڤاری (یەكگرتن)، ژمارە (١٣)ـ ، ئایاری  ١٩٩٧،ل٥٧.

(١٤٥) لەتیف فاتح فەرەج: كوردو كەركوك، گۆڤاری(پڤین)، ژمارە(٢)، ئۆكتۆبەر(١٩٩٧)، ل٥٥.

(١٤٦) شەوكەتی حاجی موشیر: چیۆەرۆدەروازەیەك بەرەو كەركوك، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧٥.

(١٤٧) هەمان سەرچاوە، ل١١٩–١٢٠.

(١٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤–٤٥.

(١٤٩) رێباز: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

(١٥٠) شەوكەت حاجی موشیر: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨–٧٩.

(١٥١) لەتیف فاتح فەرەج: كوردو كەركوك، گۆڤاری(پڤین)، ژمارە(٢)، ئۆكتۆبەر(١٩٩٧)، ل٥٧.

(١٥٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(١٥٣) رێباز: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

(١٥٤) هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

(١٥٥) پشكۆحمە تاهیر ئاغجەلەری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

(١٥٦) عبدالرزاق مەرزەنگ: راپیەرین بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩٩.

(١٥٧) شەوكەتی حاجی موشیر: چیۆە ... ل١٧٧.

• تابوری پێنجەم: بەو دەستەشاراوە وناخۆیانە دەگوترێت كە دەستیان لەگەڵ دوژمن دا تێكەڵ كردووە ولەودبوو بەری شەرەوە سەرقاڵی كاری تێكدەرانەن. ئەم زاراوەیە یەكمجار لەكاتی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا لە ساڵەكانی ١٩٣٦– ١٩٣٩ دا هاتە ئاراوە.، (زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارش، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢٢).

(١٥٨) عبدالرزاق مەزرەەنگ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩–٢٠٠.

(١٥٩) هاوڕێ قادر رەسول: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.